





هوشەنگ کامکار

بیژەن کامکار

کامکارەکان،  خالقی، قەرەداخی

و


# موسیقای کوردی





مەزهەر خالقی

ئەنوەرقەرەداخی





برایم فەرشی (بارام)


بۆ ئەو کەسانەی لە گەڵ موسیقا ژیان، پاراستیان
و بێ ناو و نیشان مانەوە

چەند وتەیەک

لە پاڵ کاری شانۆدا، لە نێوان ساڵانی 1993 هەتا1999ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆواری ئاڵمانی زمانی "کوردستان هۆیتە" بووم, کە تایبەت بە لێکۆڵینەوە و بابەتی زانستی و هونەری و ئانالیزی سیاسی بوو کە ناوەندی لێکۆڵینەوە و بەڵگەنامەی کوردی لە شاری بۆن دەریدەکرد.

ئەم وتووێژانە کە لێرەدا بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە، بەشێکن لە کۆمەڵە وتووێژێک کە لە گەڵ شارەزایانی بواری فەرهەنگ و هونەری کورددا کراون، کە وختی خۆی لەو گۆوارەدا بڵاوکراونەتەوە. مەبەست لەو وتوێژانە چوونە ناو باسە سەرەکێیەکانی فەرهەنگ و هونەری کورد بوو، کە لێرەدا موسیقا بابەتی گفت و گۆکانە. هەرچەند وتوێژەکان لە کاتی جیاوازدا و لە گەڵ مرۆڤی جیاوازدا پێک هاتوون بەو حاڵە لێکدانەوەکان یەکتر دەگرنەوە و بەیس و مبنایەکی جیدی و کارساز بۆ گفت وگۆکردن لە سەر موسیقای کوردی دەدەنە دەست.

ئەو بابەتانەی کە هێژایان ئەنوەر قەرەداخی، مەزهەر خالقی، بیژەن کامکار و هوشەنگ کامکار لەم گفت وگۆیانەدا باسیان لێوە کردووە، دەتوانێ بەیس و مەبنا بێ بۆ درێژە پێدان بە گفت وگۆکان و لێکۆڵینەوەی مەیدانی پسپۆڕانە لە سەر موسیقای کوردی. بێ گومان زۆر بابەتیش باس نەکراوە کە گەرەکە ببێتە بابەتی گفت و گۆی شارەزایانی موسیقا و پسپۆڕانی ئەم هونەرە.

هەرچەند بۆ درێژەپێدان بەم پرۆژەیە لە گەڵ زیندەیاد قادر دیلان، ئیقباڵ حاجبی، دڵشاد سەعید، فەریدون دارتاش و شوان پەروەر و کەسانی تردا قسە کرابوو، بەڵام بە هۆی داخستنی گۆوارەکە و مەرگی ناوادەی مامۆستا قادر دیلان و نەبوونی ئیمکانێکی تر پرۆژەکە وەستێندرا.

مامۆستا قادر دیلان بە گەرمی لە گەڵ ئەم پرۆژەیە و کۆمەڵێک پرۆژەی تردابوو وەک درێژەپێدان بە بەرپاکردنی فستیواڵی موسیقای کوردی لە چەشنی فستیواڵی 75هەمین ساڵی لە دایک بوونی حەسەن زیرەک کە لە لایەن ناوەندی شانۆی کۆچەرەوە لە شاری کۆڵن بەرپاکرا. بەڵام ئەم پرۆژانە وەک زۆر کاری تری کوردانە لە نیوە رێدا وەستا.

بەشکم ئەم کارەی کە لە ناوەندی لێکۆڵینەوە و بەڵگەنامەی کوردی لە شاری بۆن و ناوەندی شانۆی کۆچەر لە شاری کۆڵن دەستی پێکرا، بەشێوەیەکی زانستیانەتر لە لایەن زانستگاکانی کوردستان، ئەنستیتوی فەرهەنگ و کەلەپوری کورد کە بەرپرسەکەی هێژا مەزهەری خالقییە و یان دەزگاکانی تری حکومەتی و ئەهلی کوردستانەوە درێژە پەیدا بکات.

برایم فەرشی ڕەزبەری 2706

ناوی کتێب: کامکارەکان، خالقی، قەرەداخی و موسیقای کوردی
بابەت: وتوێژ
نووسەر: برایم فەرشی
تایپ و دیزاین: ئە. سەدری
ساڵ: گەلاوێژی 2706








**پێرست**


**وتووێژ لە گەڵ:**

**ئەنوەر قەرەداخی**
**مەزهەر خالقی**
**بیژەن کامکار**
**دوکتور هوشەنگ کامکار**





# ئەنوەر قەرەداخی

**ب. فەرشی** موسیقا و هەڵپەڕکێ سەرەتایی ترین هەستی هونەری مرۆڤ دەردەبڕن! ئەگەر مێژووی فەرهەنگی کورد 6000 ساڵ بێ, موسیقاکەی چەندە کۆنە؟

**ئە. قەرەداخی** کۆنە!

**ب. فەرشی** چەندە؟

**ئە. قەرەداخی** بەکۆنی بوونی کورد خۆیەتی و هەر هەی بووە!

**ب. فەرشی** چۆن ؟

**ئە. قەرەداخی** ئەمەیە موشکیلەی ئێمە, لە بەر ئەوەی کورد دایمەن, لە حاڵەتی ئەمارەت و یا ژێردەستەبووندا بووە. ویا لە ناوچەیەکدا ژییاوە , کە وا جێگەی بەربەرەکانی چەند نەتەوەیك بووە, نەکراوە حاڵەتی ئیستیقرار پەیدا بکا! بۆ وێنە مەکتەبی قەرەداخ هەبووە کە چەند جارلە شەڕدا سوتێندراوە. مەکتەب و مزگەوت. حەزارەتی کوردبووە و ئاوای لێ بەسەر هاتووە.

هەر فەترەیك زانیبێتیان تۆزێك خەریکە خۆی دەگرێ سەبەبێکیان بۆ دروست کردووە, بەسەریاندا کێشاوە, هەرچی حەزارەتی هەبووە, خستویانەتە لاوە و لە نووکەوە دەستی پێکردۆتەوە!

عەرب وتورك و فارس دایمەن بە گژ یەکا چوون , میللەتی کورد لە ناوەڕاستی ئەم سێ دەوڵەتەدا بووە, لە بەرئەوە نابێ هیچ شتێك مابێتەوە! ئەگەردراسەتێکی زانستی لە سەر گۆرانییەکان, داستان ولاوك و حەیران و سیاچەمانە بکەین دەردەکەوێ کە میللەتی کورد بەو چەشنە ژییاوە .

باسی ئازایەتی مروڤی کورد ئەکرێ, لەچیدا لەوەدا کە بە لانی کەمەوە ویستویە خاکەکەی بپارێزێ. توانیویەتی بەرگری لە خۆی بکا, بەو حاڵە ئێستاش لە زۆر جێگەی زۆر وڵات لە عالەمدا شوێن هەیە بە ناوی کوردەوە, زۆرگەڕەکی کوردی لەولاتانی تر هەیە!لە پاکستان, لە میسر, لە سوریا,لەمەغریب,لەجەزایرلەتونس کورد هەیە, قابیلە عەشیرەتێکی تربەناوی کورد هەبێ؟ هەرئەو کوردەی ئێرەیە کە لەزەمانی پێشوودا ئەنفال کراوە! ئەوکوردەی کە وا لە مەغریبە سەلاڵەی خۆی ئەگێڕێتەوە وئەڵێ من خزمی فلان کەسم. مەحمودی ویلیچی بە زمانی خۆی ئەڵی کوردم و باوکم لە گەڕەکی سەرشەقام لەسولەیمانی لە دایك بووە. ئەی بابا ئەوانەحەقیقەتن تەوفیق وەهەبی. وائەڵێ, ئەحمەد شەوقی وادەڵێ ئەوانە هەموو ئیسپاتن بۆ ئەوەی ئێمە حەزارەتەمان هەبووە، بردوویانە کەلیمەی کوردیان کوژاندۆتەوە و عەرەبیان لە سەر داناوە, تورکیان لە سەر داناوە فارسیان لە سەر داناوە!. بەڵێ ئەوانیش خاوەن حە زارەت بوون. بەڵام تورکیا و ئێران و عێراق ترساون لەوە ئەگەر ئەو نەتەوەیە کە پێیدەڵین کورد کە ئازاو زیرەکە لە ناوچە سەر هەڵبێنێ بۆ ئەوان زەرەرە , لە بەر ئەوە کە سەری دەرهێناوە چەپۆکیان بەسەر داداوە و متیان کردووە.

ئەوەندەی زانا و رۆشنبیری کورد خزمەتی ئەدەبی عەرەبیان کردوە بڕواناکەم عەڕەب ئەوەندە خزمەتی خۆی کردبێ! لە کتێبی دینیدا ,لە نەحوو قەواعیددا ئەوەی مەلاێکی کوردی لای خۆمان ئەیزانێ مەلاێکی عەڕەب لەجنوبی عێراق نایزانێ! ئەو حاڵەتانەیە کە ئەڵین حەزارەتەکەمان هەیە.

موسیقای کوردی تەعبیری جوانی کوردستان شاخ و داخ و وەسفی کوردستان ئەکا. بەڵام گۆرانی وموسیقای ئەوان ئاخ و حەسرەت و بەعزێ گۆرانی لەم چەشنەیە , رێزم هەیە بۆ هونەرەکە کە هونەرێکی عەرەبییە. بەپێچەوانەوە هونەری کوردی کراوەیی زیاتر تێدایە, کرداری ژیانی زیاتر تێدایە ,جوانی تێدایە بەڵام ئەوان ئەڵین »الموسیقی العراقیە« عێراقیش جزوی ئۆمەتی عەرەبیە بەتەعبیری ئەوان کوردیش بەشیکە لە ئۆمەتی عەرەبی, یانی

موسیقای کوردیش لە ئەسڵداعەرەبیە!! وانییە! بەڵام چ وەختیك من زمانم هەبێ بڵێم تۆ ڕاست ناکەی کوردیش خاوەنی کیانی خۆیەتی. بە چی دەسەلمێندرێ؟
وەزارە تەکانی خۆمان کە حکمرانی و ئیدارەی ئەم وڵاتەیان بە دەستەوەیە ئەبێ بڵێن ئەمە لێژنەیەك بۆ کەلەپور و موسیقا ئەمە بۆ شانۆ ئەمە بۆ جل و بەرگ ئەمە بۆ چیرۆك ئەمە بۆ... برۆن هە موو کوردستان بگەڕین چی هەیە کۆی کەنەوە بیخەنە موزەێکی ئیتنۆگرافی, یا لە بەرەوە خەریکی بن. بۆ ئەوەی سیمای میللەتەکەمان بپارێزین . بەداخەوە ئەم مەسئولانە خۆ وەبەر ئەم پرسیارانە نادەن بۆ؟ چونکە ڕەنگە ئێستاش وابیربکەنەوە کە ئێمە هێزیکی سەربازیمان ئەوێ, کە بەرگری خۆمان بکەین, لە پێناوی مانەوەی ژیانماندا و بەس! بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەگەر شۆرشێکی رۆشنبیری بکەین ڕەنگە زۆر بەقووەت تربین و ئەم شۆرشە زمانمان بگەێنێتە دەرەوی وڵات چەك نایگەینیت! دوای ڕەوەکە تیپی موسیقای سولەیمانی میهرەجانێکمان کرد جەماعەتی UNمان بانگکرد کابرای UN هاتە سەر سەکۆی شانۆ ووتی زۆر عەجیبە بۆ ئەو میللەتەی ئەو ڕەوە زلەی بەسەر هاتووە پاش 20 رۆژ ئەم هونەرە جوانە پێشکەش ئەکا! دەوەرن ئیستراحەت بدەین بە مێشکمان,خەریکی خۆبین. من سی وپینجساڵە لە موسیقا ئیش دەکەم وەك تەجروبە و بیرکردنەوەی ژیانی خۆم ئەزانم موسیقای کوردی چییە ؟ نامەوێ بیسەپێنم بە سەر موقابیلدا بڵێم موسیقای کوردی ئەبی وابێ! لەسەرەتاوە من بە موسیقای عەرەبی دەستم پێکردوە. بۆ؟ چونکە ئەو فکرەیان نەدابوومێ کە وامن کوردم ئەبێ هونەرێکم هەبێ کە وا هونەری کوردی پێئەڵێن یەکێك نەبوو ئەوەم پێ بڵێ! بە هەستی خۆم دەڵێم من کە موسیقا لیئەدەم. بۆ گۆرانی کوردی لێنادەم؟! لەتەنزیماتی کوردیدا ئیشم ئەکرد, بۆچی ئیشم ئەکرد؟ بۆکوردایەتی, کوردایەتی چییە؟ کوردایەتی ئەوەیە مافی خۆمان هەبێ, بەکوردی بخوێنین, ئەبێ هونەری کوردیشمان هەبێ! ئەوە وای لێکردین بیربکەینەوە کەموسیقای کوردی, بەشێکە لە نیزامی ئێمە, شێوەکاری بەشێکە لە نیزامی ئێمە ..هتد!. چۆن هەنگاوی بۆ هەڵگرین؟ یەکەم هەنگاومان ئەوەیە ئەبێ موسیقا زۆر زۆر بێ, هەرچۆنێك بێ فێری بین! شانۆی کوردی بەشێکە لەنیزامی ئێمە ئەبێ فێری بین جا. لە سەر شێوەی ئەروپی بێ یا فارسی یا....! کە رۆشنبیری هەبێ مروڤ خۆی لێکی ئەداتەوە و دەگەرێتەوە بۆ لای کوردایەتیەکە.
سەردەمانیك ساڵی 1961دوو تیپی موسیقی لە شاری سولەیمانی هەبوو ئیستا ماشائەڵا بە هەموو تەلەبەکانمان جیلێکمان دروست کردوە کە بەسەدان ئەژمێردرێن. ئەوە دەورەیەك بوو. دەورەی داهاتو ئەوەیە کە لە نووسراوە کانی خۆماندا دیاری بکەین. بەچی ئەڵیین موسیقای کوردی ؟ بەچی ئەڵین شانۆی کوردی ؟ کورد لە سەردەمی دروست بوونییەوە تائیستا شارستانییەتی هەبووە. بەڵام یا لە مەیدانی شەڕدا تێدا چووە یا بردویانە, دزیویانە! بۆچی شتمان کەم هەیە لە موزەخانە کانی ئوروپا؟ ئەی بۆ لە موزەخانەکانی خۆماندا نییە.؟ من نازانم چیمان هەیە لە وەێ! بەڵام ئەو لەوێ لێکۆلینەوە لە سەر منی کورد پێشکەش ئەکا! من لێرە ناتوانم لە سەرخۆم پێشکەشی کەم، بۆ؟ لە بەر ئەوە ئەو کەرەسەکانی لە بەر دەست دایە من لە بەردەستم دا نییە. ئەو بردویەتی . تورك هەموو توراسی رۆژهەڵات و رۆژئاوای تورکیا بە هی خۆی دەزانی.
کەس ناتوانی بلێ وانییە , یەکسەر توشی حاڵەتی ئەکەن ئەزیەتی ئەکەن.. موشکیلەی ئێمە لێرە دایە, ئەگەر بتوانین چارەسەری ئەو موشکیلە بکەین, دەگەینە ئامانجی خۆمان , ئەگەر نەتوانین ئەوە ئەبێ هەر بەو چەشنە برۆین, ئەبێ هەر سەری خۆمان بخورینین و بەس.

**ب. فەرشی** کاك ئەنوەر موسیقای کوردی چییە و چۆن دەست نیشان ئەکرێ؟

**ئە. قەرەداخی** رادیۆمان ئەکردەوە گوێمان لە گۆرانی عبدولحەلیم حافیزو عەبدوالوهاب, ئیرەج و ئومی کولسووم ئەبوو. باشە گۆرانی بێژی خۆمان نییە؟ ئەمانووت با عەلی مەردان , شەماڵ سائیب وتاهیر تەوفیقمان هەیە. بەینێك هاتینە سەر ئەوە, ئایا گۆرانی کوردی هەر ئەمانەیە کە ئەوانە دەیڵێن؟ نا, شتیکمان هەیە پێیدەڵین فۆلکلۆر, فۆلکلۆر چییە؟ ئایا گۆرانی فۆلکلۆری گوێ بگرین یا عەبدولحەلیم حافیز؟ سەیر دەکەین خەڵك حەزیان لەگۆرانییە فولکلوریەکەیە! ئەمانە پرسیاری لە ناو مێشکماندا دروستکرد! کە وایە شتێك هەیە پێیدەڵین موسیقای کوردی! هاتین تیپێکی موسیقامان دروستکرد لە سەر شێوەی موسیقای عەرەبی 5,6 کەمان, قانونێك, عودیك ,شمشاڵێك ئاکاردئۆنێك و تەپڵێك. چییە وەرە گۆرانی بلێ, موسیقای عارەبی "زیری نەوا"مان لیئەدا. ئومەکلسوممان لیئەدا, شتی فارسیمان بڵاودەکردەوە, هەروا بە خۆشییەوە ئەم شتانەمان لیئەدا. خەڵکەکە ئەڵین: " بە خوا ئەو فرقەیە موهیمە ئاها شتی

عەبدولوەهاب لیئەدەن." ئەو قسانە چوو بە گوێچکەماندا واقمان وڕما خەڵك پێیان خۆشە. دووایە بیرمان کردەوە باشە ئێمە تاکەی موسیقای ئەوانە لێیدەین؟ ئێمە تاکەی موستەعمیرەی ئەوانە بین؟ با موسیقای کوردیان بۆ لێدەین. گۆرانی کوردیمان بۆ لیئەدان, خەڵك گوێیان بۆ نەدەگرتین. گۆرانیێکی ئومی کولسوومان بۆ لێدەن دەنگیان بەرز ئەکردەوە . نەخێر ئەم جەماوەرە ئەبێ بگۆڕدرێ. چۆن؟ ئاواتی دڵم دروستکردنی تیپێکی موسیقای کوردی بوو, ئەمەش ساڵی 1963 بوو, ویستیان فیلمێك دەربکەن بە ناوی "رەهێڵە" مەکی عەبدوڵا پێی هەڵدەستا. وتیان من بەشێك لە لەحنەکە بکەم. باشە خودایە من بێ تەجروبە چۆن لەحن دابنێم؟ باشە یەکێك نییە لە ناو کورددا, عەلی مەردان ناتوانی داینێ؟ نا عەلی مەردان نۆتە نازانێ, دراساتی نییە. ئەی شەماڵ سەعید, ئەی تاهیر تەوفیق؟ یاڕەبی خودایە یارمەتیمان بدە بتوانین تیپێکی کوردی دروست بکەین. دەستمان کرد بە ئیش بۆ ئەم مەبەستە, هاتین هێندیك گۆرانی فۆلکلۆری سەردەمی خەڵکمان کۆ کردەوە. منالێکمان هێنا, تەوفیق عەلی, سۆییە باڵا بەرزی بۆ دەگوتین, "سۆییە باڵابەرز هەستەبەیانە" لێمان ئەپرسی رۆڵە گیان ئەوە لە کوێ فێربووی؟ ماموستا ئەوە بۆخۆم ئەیزانم. خەڵك چەپڵەی بۆ لیئەدا: " هەی بەخوا موهیمە ئەم فرقەیە منالێکیان هێناوە گۆرانی وا ئەڵێ" وردە وردە جەماوەرمان ڕاکێشا گوێمان لێ بگرن. بە شێوەی ناڕاستە وخۆ منالەمان خستە لاوە, منال نابێ گۆرانی وابڵی. "دەم لە ناوی دەم". گەنجی تازەمان هێنایە پێشەوە وەك گۆرانیبێژ محەمەد جەزا, کەژاڵ شەوکەت, عەبدوڵقادر حەسەن و چەن کەسی تر کە گۆرانی فولکلوری بڵێن. خەڵك وایان لێهات گوێمان لێبگرن. حەزیان ئەکرد منالەکانیان فێری موسیقا بکەن. منال ئەهاتن فێری موسیقا ئەبوون, موسیقای کوردییان لیئەدا, "وەی وەی زارا, کابوکی". خەڵك هۆگری موسیقا بوون, بەس چ موسیقایێکی بۆ تەرح کەین؟ وتمان جارێ با خەڵك فێری ئەوە کەین موسیقا لێبدا لە سەر شێوەی ئوروپی, لە رووی تەکنیکەوە زاڵ بێت, بە قووەت بێت. کەڵك وەرگرتن لە موسیقای عەرەبی وەك تەکنیك کەڵك وەرگرتن لەموسیقای فارسی وەك تەکنیك. بەڵام توراس و کەلەپوری خۆمان چۆن بەم تەکنیکە لێبدەین؟ کابوکی وەك موسیقای عەرەبی لێدەم یا فارسی یا تورکی و یا وەك خۆی لێدەم. هاتین گۆرانییە کوردیەکانمان دووان و سیان ئەنووساند بەیەکەوە. بەناوی گەشتێك بە ناو ئاوازی کوردیدا. گەشتێك بە کوردستاندا, پیشکەشمان ئەکرد.

بۆوێنە:(بە دەنگ ئەئڵێتەوە)گیان و گیان وگیان ئازیزەکەم

لە پڕێکا: کەزەی جەرگانم ,


لە پڕێکا: ماڵە گولە میللەتی دەگولانی.

ئەچوینە کوردستانی ئێران, ئەهاتینەوە کوردستانی عێراق, ئەچوینە لۆڕستان, بادینان. بەم چەشنە خەڵکمان لە گەڵ موسیقای کوردی, ئاوازی کوردی ئاشنا کرد. ئەگەر ئێمە مامەڵە لە گەڵ ئاواز وفۆلکلۆر و توراسی کوردی نەکەین ئەبێ لاسایی موسیقای عەڕەبی فارسی و تورکی بکەینەوە. حەولی دانانی ئاوازی کوردیماندا, بۆ وێنە موسیقایێکم دانا لە سەر شێوەی هەڵپەڕکێی کوردی بە ناوی کویستانان:

دەم دەم دەری دەری رەم رەم


لە پڕا ئەچێتە سەر : کویستانان خاڵ خاڵ

لامان لە مەقام کردەوە, لامان لە بەستە کردەوە, تەسنیفی بەستەو مەقامە کانمان کرد. ئەم مەقامە تایبەتە بە فلان ناوچە , ئەم بەستەیە هی ئەو مناسبەتەیە, ئاهەنگی ئاینییە, ئاهەنگی نەتەوایەتیە , شاییە, ئاهەنگی خەتەنە سورانە, ژن هێنانە ... هتد. تەسنیفی ئەوشتانە کرا. بیرکردنەوە لە شێوازێکی تر هاتە پێشەوە. کەڵکوەرگرتن لە تاقیکرد نەوەی موسیقا, لە جیاتی 5کەس با 20کەس دانیشێ. بەم چەشنە تیپی موسیقای کوردی بە شێوەی رۆژهەڵاتی وەك عەرە ب و فارس دروست بوو.ساڵی 1975-76 کە من لە زانکۆی سولەیمانی بووم ئەم پرۆژەمان پێشکەشکرد وتمان لە کوردستانی ئێران زەرب بەکار دێنن ناوچەی بادینانی لای خۆمان تار زۆر بەکار دێنن, سەنتوریش هەر لەوێ بەکار دێت. لێرە باڵەبان بەکار ئەهێنن. لە فلان جێگە شمشاڵ لە فڵان جێگە دەف ئەگەر ئەم ئامیرانە بدەین لە یەك ئەبێ چی دەرچێ؟ دامان لە یەك. دەورێکی جوان لە موسیقای توراسی کوردی پەیدا بوو. رەواجێکی جوانی پەیدا کرد و بڵاو بۆوە ناوخەڵك. وەك گۆرانی : "میری میری ماڵ لە قەناری" ئەحمەد قۆکە دەیڵێ, یاخۆ ئەوەی کەریم خەمزەیی, یا هێندیك گۆرانی دیکە کە عەلی برام کە گۆرانیبێژ بوو ئەیوت. وەك ئەی بۆ هەلامە شیرین هەلامە .

ئەتوانم بڵێم بنەمای موسیقای ئێمە لە سەر موسیقای فولکلوری دروست بوو.
ئەگەر جگە لەوە بێ یا لاسی کردنەوەی موسیقای عەرەبی , فارسی و یا تورکییە! موسیقای کوردی پەیژەکەی دەچێتەوە سەر پەیژەی رۆژهە ڵاتی , کە چارکە دەنگی تێدایە, بێجگە لەوەش پەێژەی گشتیش کە چارەکە دەنگی تێدا نییە . پەیژەی مەقامی بەیات, ڕاستە, سێگا, چوارگا, نەوا, حوسینی, نەهاوەند, ئەمانە گۆرانی کوردی لە سەر ئەڕوا . زۆربەی زۆری ئەو ئاوازانە لە گەڵ موسیقای جیهانی ئەڕوا کە موسیقاێکی ناوچەی خۆمانە, زیرك بین و بیگەێنینە ئاستی جیهانی. بە توانا بین وبیگەینینە ئاستی جیهانی. هێندیك هەنگاومان نا بۆ ئەو شتانە بۆ وێنە فیکری دروستکردنی کۆرال هاتە پیش. تیپێك کە لە 200, 300 گورانیبێژ دروست بن. سەرەتا بە چالاکی قوتابخانەکان دەستمان پێکرد.چەند گۆرانییەکی فولکلوریمان پێکەوە زەبت کرد, لەمیهرەجانێك ساڵی1977لە بەغدا پێشکەشکرا, لە ئاستی هەموو عێراقدا یەکەم دەرچوو.
یەك لە میلۆدیەکان ئەمە بوو: "هۆ مەچوۆ جا مەچۆهی جان هی جانێ" ئەعدادی مادەکانی هی من بوو, تەدریبەکەی هی کاك حەمەڕەزا( کاك حەمەڕەزا بەرپرسی ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان لە شاری سولەیمانی کە لەم وتووێژەدا بەشدار بوو) وکاك خالید بوو. بە دوای ئەوەدا کۆرالی دی دروستکرا, لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان دروست کرا, کاری جوانترو و قولتر پێشکەشکرا و بیرکردنەوە لە موسیقای کوردی هاتە پێش , کە گفتوگۆی لە سەر ئەکرا. قوتابیەکان ئەیانوت باشە بۆ بەوە دەڵێن گۆرانی کوردی بۆ پێی ناڵێن فارسی؟ وامان لێهات تیمە دروست کەین و بیکەینە ئیشی گەورە, بۆ وێنە کۆرالی ئەڵاوەیسی دروست کرا, کۆرالی مامەسیوەمان دروستکرا لە سەر مەقامی ئە وە سەحەرە , کۆرالی خەون و خەمێك سازکرا لە سەر ئاستی گۆرانییە کوردیەکان. ئێمە بۆ موسیقای کوردی پشتمان بە شێوەی گشتی میلۆدیە توراسە فولکلۆریەکانمان بەست بوو. ئەم کارە وای لێکردم کە دەست ئەدەمە سازەکەم لەحنی کوردی بە دەستمە وە دێن. لەحنی کوردی چییە؟ بریتیە لەو لەحنەی کە لە توراسەکەوە هەڵمان هێنجاوە و لە پەیژەیدا لە ئیقاعیدا, لە دەڕبرینیدا لە قەواعدیدا پێشکەش بکرێ. ئەم نمونانەی ئێمە پێشکەشمان کردوە چەندەی چۆتە ئوروپا و دەرەوە نازانم! نەمانتوانیوە بیگەینین و بڵێین ئەمەموسیقای کوردی ئێمەیە . هۆیەکەشی نەبوونی کیانە، سیاسییەکەیە، دەنا لەساڵی1970وە تا ئیستا هەرچی میهرەجان لەو عێراقەکراوە, ئەگەر سولەیمانی بەشداری کردبێ مومکین نەبووە پلەی دووهەم وسێهەم بێ بەڵکو هەمیشەیەکەم بووە. باشە بۆ موسیقای کوردی یەکەم دەرچوە ؟ وەکو تەنزیم, وەکو رێك وپێکی وەکو دابەشکردن, وەکو لێکۆڵینەوەی زانستی, وەکو پەیویست مانەوە بە مەبنای هونەرەکە, وەکو جوانیناسی, ئەستاتیك., ئەوەش کە هەڵی ئەبژارد هەموو خاوەن دوکتوراو خاوەن ماستر و خاوەن خیبرە و خاوەن تاقیکردنەوەێکی گەورە بوون و عەرەبیش بوون نە کورد.
ئایا خۆمان لەو ئاستە کە پیشکەشمان کردوە ڕازین کە وا پێمان ئەڵین یەکەم. نا قەت ڕازی نەبووین, چۆن تا ئیستاش لە خۆمان ڕازی نین, ڕازین لە ئاست ئەو حاڵەتە کە تێیداین, بەڵام مەبەست زۆر زۆر گەورەترە. بۆ ئەمەش وەسایل پێویستە, وەسیلەی گەیاندن, ئۆستودیو ئەبێ هەبێ, کەرەسە پێویستە , من ئەو شتەی کە کردومە لەماڵەکەی خۆمدا کردومە, و یا لەو ستودیویە کە ئەمرۆ دیتوتە. لە زانستگەی سولەیمانی لە سەربان ئەمانکرد, چونکە جێگە نەبوو. کەس نەبوو دەستمان بگرێ بڵێ ئەمە ستودیۆ، ئەمە ماڵێك ئەمە جێگایەك. ئەمە کەرەسەی هونەری, ئەمە کەرەسەی تومارکردن, ئەمە کەرەسەی ویدیو, تائیستاش ئەمە نییە. بەم حاڵە چی بنێرین بۆ دەرەوە. ئەمە هۆی زۆر گەورە بوو. بۆ ئەوەی نەتوانین موسیقای خۆمان بگەینینە ئوروپا. ئەمێنێتەوە موسیقا خامەکە, ئایا تا چ رادەیەك ئەمە نوینەرایەتی موسیقای ئێمە ئەکا.؟
[ساڵی 1973 چووینە میهرەجانی لاوانی جیهانی لە برلین (رۆژهەڵات) وتیان تیپێکی گەورەی موسیقی دروستکەین, ئەوندە کەمان , ئەوەندە عود و ئەوەندە چی وتم کاکە لەوێ کەس گوێت لێناگرێ, ئەوان گوێ لە کەلەپوری ئێمە ئەگرن. تا ڕادەیەکی زۆر قەناعەتیان نەبوو. یەکێك لەو برادەرانە لە ئاخردا یادی بەخێر خوا عافوی کا شەهید ئارام وتی کاك ئەنوەر ئەتۆ چی ئەڵێی ئەمن قەناعەتم وایە. بەڵام ئەنجامەکەی ئەبێ تەحەمول کەی. لە گەڵ برای بەرێز سەربەست بامەڕنی نازانم ئیستا لە کوێیە, وتم دەهۆڵ و زوڕناێکمان بۆ بینن. ئەوانی دیکەش ئەبەین. هیچ کەس نەبوو دەهۆڵ لێدا , خۆم لێم ئەدا. لە برلین ئێوران و بەیانی سوکە حەفلەیەك لە بەر هوتێلەکە ئەبوو. هاتین کەمانمان (ویلۆن) گرت بەدەستەوە








یەکی تر عود و تەپڵ کەس لای لێنەکردینەوە. وتم کاکە وازبینن. تیپێکی هەڵپەرکێی جوانمان هەبوو, کۆمەڵێك میلودی گۆرانیمان ساز کرد بوو, دەستمان کرد بە دەهۆڵ وزورنا لێدان 8سەعات هەرچی برلینە زانی کە وا کۆمەڵێك هاتون پییان ئەڵێن کورد, لە خیلالی دەهۆڵ و زوڕناکەوە توراسی ئێمە ڕەنگی دایەوە. بەویلۆنکە کەس نەیدەزانی چی لێئەدین , ئەهاتن بە لاماندا ئەڕۆیشتن خەریك بوون 50 فلسێکمان بۆ فڕێدەن. ڕەسمی ئەوانەم هەیە بە سینەمایشی هەیە . ئاخر رۆژی فستیوال بوو, وەفدەی عێراق 250 کەس بوون کە 65 کورد بوون کەساس بووین, ئاڵایەکمان نەبوو لە بەری ڕاوەستین کەسیشمان نەچوینە ژێر ئالای عێراقەوە . سەربەست زۆر عاجز و بێ تاقەت بوو وتم کاکە سەربەست چییە؟ وتی وەڵا نازانم بێ تاقەتم. مەئیوس بوو وتم حەقت نەبێ, نەرۆی بۆ هیچ لایەك تۆزێك خۆی ئەدزیوە. عەینی کە دەڵێن زوڕناژەنی جادو, دەستمان کرد بە دەهۆڵ و زوڕنا لێدان وەڵا قەناعەتت بێ 200 حەلقە دروست بوو بە دەوری ئێمەدا لە هەموو میللەتانی جیهان وازیان لە فەن و فنونی خۆیان هێنا، ئەهاتن بزانن ئەم هەڵپەرکێیە کەئەمانە دەیکەن چییە. ئەوانیش لە گەڵمان هەڵدەپەڕین. عەرەبەکان ئەیانوت,, جەولە عەرب العراقیە,, دەرمان ئەکردن برۆن برۆن. ئەیان پرسی ئیوە کین؟ کوردین, ئەیانوت ئەها بارزانی. ئەهاتن ئیمزایان لیوە ردەگرتین.ئێمەش ئەمانووسی کوردستان_ بارزانی, بارزانی مەعروف بوو. زۆر مەعروف بوو کورد نەناسرابو, هەر بارزانی بوو ئەناسر.]. لە ڕیگای هونەرەکەوە دەنگی خۆمان گەیاندە ئەوێ! دەهۆڵ و زوڕناکەهونەری خۆمانە و ئەبێ باوەڕ بە خۆمان بکەین ,باوەڕ بە ئامیرە توراسە کانمان. کەلەپورو گۆرانییە فولکلورەکانمان بکەین. . من لە کوێ بێم لاسایی عەبدولحەلیم وبرایم تاتلی سەس و حومەیرا بکەمەوە . زۆر زۆر دور نارۆم برایانی کامکار هونەرمەندی زۆرچاکن و ئازیزان بەڵام لە خزمەتی موسیقای فارسدان. کاکە هونەرمەندی زۆرچاکمان هەیە لە خزمەتی موسیقای عەرەبیدان لە خزمەتی موسیقای تورکیدان. ئەی میللەتەکەی خۆت بۆ لە بیر ئەکەی؟ ئەمە موشکیلەی ئێمەیە! ئەو کەلەپورەی کە وا ئاتاتورك کۆی کردۆتەوە سەدی 60و70 ی ئەلیم توراسی منی کوردە بردویەتی دزیویەتی داگیری کردوە, لە عێراق عەینی شت موسیقای داناوە ئەڵێ موسیقای عێراقیە کەلیمەی کوردی لە ژێر عەرەبیدا شاردۆتەوە, ئەمە هەمووی هەستی پیدەکەی. بەڵام چۆن بۆی بجولیین؟ چە ندین جار پێوەندیمان بە دەوڵەمەندی ئەم شارە گرت ستۆدیویکمان بۆ دروست کەن, بیری ئەوە ناکەنەوە کە ئێمە تەتەلوعاتێکی ئەو میللەتەیە کە دەیکەین وە یان ئەزانی سواڵیان لیئەکەین . تیپی سولەیمانی بە نانەزگی خۆمان ستۆدێیکمان دروستکرد , من لە ژێرزەمینی ماڵی خۆم خەریکم .کەس نییە ئامیرت بۆ بێنێ, کەس نییە بە دەنگتەوە بێ. لەم ڕاپەڕینە هەرچی ئامیری ئەم کوردستانە بوو نەما برا. بۆ کوێ برا؟ بۆ ئەوەی هونەرەکە نەمێنێ بۆ ئەوەی حەزارەتەکە بەرە و مردن بڕوا. بەڵام خەڵکەکە هەست دەکا بەوە, زۆر هەیە هەست دەکەن هونەری ئێمە زۆر گەورەیە وجودی هەیە, بەڵام کوا ئەو رۆژنامەی کوا ئەو کتیبەی کە بتوانێ بە سەربەستی تێیدا بڵاوی کەیەوە. بەو نەوعەی کەخۆم ئەمەوێ تا ئێستا ئەو دەرفەتە نییە. کتێبێکم هەیە تەوای باسی موسیقای کوردییە نامەوێ شتێکم لێدەست کەوێ, بەس بڵاو بێتەوە کە بیخوێنن و کەڵکی لێوەرگرن ئەوە وەد یان شتی تر بە دەستمەوە ماوەتەوە. پرۆژەی ئەوەم بە دەستەوە بوو هەرچی گۆرانی کوردی کۆم کردۆتەوە بیکەم بە کتێبێك کەس نەهات بە دەممەوە , مەجبور دامناوە و سارد بوومەوە ئەمە ئیمکاناتی ئەوێ, توانای ئەوێ. میللەتەکە لە دەرد سەرێکی وادا ئەژی مەجالی نییە بیکا. توراسێکی پاکمان هەیە. بە دەم چونەوەی دەوێ. ئەگەربێت وپشتگوێی خەین ئەوشمان لە دەست ئەچێ. کە ئوردوگای زۆرەملی لەم کوردستانە دروست کرا, بۆئەوە بوو حەزارەتی ئەم میللەتە بفەوتێنن! لە کۆمەڵگای ناوشار کۆی هەرماڵێك تەلەوزیونی دایە کە چاو لەتەلەوزیون دەکا موسیقای عەرەبی و رۆشنبیری عەرەبی وەردەگرێ توراسی خۆی لە بیر ئەچیتەوە! برۆ لە هەورامان ,, هەل لەیلی عارەبی,, بە هەورامی ئەڵێن تەلەوزیون ئەوندە بە سەریدا زاڵە گۆرانی عارەبی ,,سمرە ووسیع العین,, کە قەت لە هەورامان نەدەبیسترا ئیستا ئەبیسترێ, ئەیڵێنەوە .ئامرازی ڕاگەیاندنی ئەوێ.

باشە ئەگەر ئامرازی ڕاگەیاندن هی خۆمان بێت وشتی کوردی خۆمانی پێبگەینین وادەبێ؟

**ب. فەرشی** جیاوازی نێوان موسیقای کوردی و فارسی و تورکی وعەرەبی لەچی دایە؟

**ئە. قەرەداخی** هەر کام تایبەتمەندی خۆی هەیە وەکو چۆن زمانەکەمان تایبەتمەندی خۆی هەیە, لە هونەریشدا وایە .مێژوو دەگێڕیتەوە کە موسیقای فارسی کارتێکردنی زۆری لە سەر





موسیقای عەرەبی هەبووە. لە سەردەمی ئیسلامەوە پاش چەند جار روخانی عەجەم , ئەو کریکارانەی کە زۆربەیان فارس بوون لە رێی تیجارەتەوە لە ناو عەرەباندا ئیشیان ئەکرد بە دەم ئیشەوە گۆرانی فارسیان ئەوت عەرەب لێیان فێربوون بە عەرەبی ئاوازە فارسیەکانیان ئەوت مەقامەکانیان ئەوت . لەناو وەسەتی عێراقیشدا ئەگەر وردبینەوە زۆر لەو مەقامانەی کە ئەیلێن مۆرکێکی فارسی پێوەیە , وەك مەقامی دەشتی. زۆریان هەیە کە تەراوەتێکی رۆحی هەیە لە بوارە دینی یەکەشدا لە مەزهەبی شیعەدا کە وا کارتێکردنیان هەیە. بەڵام موسیقای تورکی و ئازەری لەو ناوچەدا لێچونیان دیارە. کورد لەو ناوچەیەدا بە پێی باری جوگرافی لەکامیان نزیکە و کارتێکردنی کامیانی لە سەرە. ناوەڕاستی کوردستان ناوچەی هەورامان بەرە و ژوور کە ئەبیتە سێ کوچکەکە بە بۆچوونی خۆم توراسی کوردی بە پاکی ماوەتەوە, کە خەتی سنور دروست بوو لە بەینی عێراق و ئێران, کارتێکردنی موسیقای شارەکان کەوتە سەری و ئەو پاکی یەش نەما لەوێ, ئەو روحیەتەش لەوێ نەما. بمانەوی و نەمانەوێ قەوارەێکی گشتی هەیە لەم رۆژهەڵاتەدا کە پێی ئەڵێن پەێژەی موسیقای رۆژهەڵاتی کە هاوبەشە لە بەینی موسیقای عەرەبی فارسی کوردی و تورکی و حەتتا تۆزیك لە موسیقای یۆنان و رۆژئاوای پاکستان. عەرەب بەم پەیژە رۆژهەڵاتیە ئەلیت عەرەبی فارس وتورکیش بە هی خۆیانی ئەدەنە قەڵەم! بەڵام لە کوردەواریدا ئیستا کەسمان نەبووە بەهی خۆمانی بداتە قەڵەم. بۆ وێنە سەفائەدین ئەرمەوی تورك بە تورکی لە قەڵەم ئەدا. فارس بە فارسی لە قەڵەم ئەدا ئێمەش ئەڵێین کوردە. چوون لە ورمێ لە دایك بووە ورمێ کورد نین؟ کوردستان نییە! ئەو زەلامە لەوێ لە دایك بووە. ئەو فەرهەنگ و زانستەی کە وەریگرتووە هی ئەو ناوچەیە کە لێی بووە. حەزارەتی عوسمانی و پارس کە، سەیتەرەی بە سەر ژیانی ئەودا کردووە ,شتەکانی کە بڵاوکردۆتەوە ئەوان قوستویانەتەوە و بە ناوی خۆیان لە قەڵەمیان داوە . ئەوە حەزارەتی منە بتەوێ و نەتەوێ.عەبدولقادر موراتی موراتی مەعلومە کوردستانە ناوچەیەکی کوردستانە تورك ئەلێ تورکە فارس ئەلێ فارسە, عەرەب ئەلێ عەرەبە، ئەی کوردیش کە لە ناو عەرزی ئەودا لە دایك بووە ئەبێ بڵێ کێیە ؟ ئەبێ شێر و خەتی بۆ بکا. موشکیلەی ئێمە لێرە دایە.

**ب. فەرشی** لە ناو فارسدا باربەد و نەکیسا بە کۆنترین موسیقازان باس دەکرێ کورد کێی هەیە؟

**ئە. قەرەداخی** لە سەر گۆرانی بێژەکان بە نووسین هیچمان بۆ نەماوەتەوە .جگە لەوانەی کە لە سەدەی بیستدا بوون . ئەوەی وەك موسیقای کوردی باسی کرابێ، میجەرسۆن ساڵی 1820 باسی شایی یەك ئەکا: خەڵك جلی تایبەتی لە بەر کردوە, چەشنە ئامرازێکی موسیقایان لێداوە, خەڵك قاچی هێناوەتە پێش باسی هەڵپەرکێ ئەکا. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ زۆر پێشتر ڕەنگە بەڵگەێکی مێژوویمان لە بەردەستدا نەبێ. ئیلا یەکێك وەك عەبدولقادر موراتیە و سەفائە دین ئەرمەوی. ئەوەی وەك دەنگ بۆمان ماوەتەوە سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی.,مەلاکەریم, دایکی جەمال, عەلی مەردان و سێوەخانە , کە هەمووی لە ساڵی سییەکان وچلەکان دەنگیان پەیدا بووە. هیچ کەرەسەێکی تومارکردنمان نەبووە, وڵات نەبووین, دەوڵەت نەبووین, کەس نەبووە عەقلی بەوە بشکێ ئەو شتانە کۆکاتە وە . با راستی یەکت بۆ بگێڕمە وە لە ساڵی 1961 لە شاری سولەیمانی هەرچەند خەڵك حەزی لە هونەر ئەکرد, نیوەڕۆیان ئەچووین بۆ ماڵی برادەران بۆ تەمرین بە دزییەوە بۆ ئەوەی ئامیرەکانمان بە دەستمانەوە نەبینن , چونکە ئەگەر بە دەستمانەوە بیاندیتبا مناڵ وەشوێنمان ئەکەوتن . من سەرم شکاوە ئێستاش شوێنی دیارە بەردیان تێگرتووە. بە شتێکی سووك سەیریان دەکردین. بەس کە چووینە بەر چاوی خەڵك وەك ئینسانی موحتەرەم و بە ئەدەب و ئەخلاق هونەرەکەمان پێشکەش خەڵك کرد, خەڵکەکە رێزی لێ ئەگرتین , ئیستاش ماڵ نییە لە سولەیمانیدا کە موسیقای تێدا نەبێ. کە کچێك ئامێرێکی موسیقا ئەگرێ بە دەستیەوە، خەڵك بە رێزەوە سەیری ئەکەن. هونەرمەند ئەبێ رێزی لێبگیرێ ئەمە هەنگاوێکی جوانە کە ئێمە هێناومانە. ئێمە لە سەرەتای کاری هونەریمان کە ئاهەنگێك ئەکرا, رۆژێك بۆ ژنان رۆژێك بۆ پیاوان بە جێا بوو, لەوانە بوو هەر بۆ پیاو بێت ژنان نەیەن. چوونکە ژن نەدەبوو بێ بۆ شوێنی وا، عەیب بوو. وای لێهات ژن و مێرد بە یەکەوە دائەنیشتن , وای لێهات کەتێکەڵ دائەنیشتن, ئیستا ئاساییە. مەکتەب تێکەڵاوە وەك جاران نییە, ئەمە پێشکەوتنی فەرهەنگە, ئێمە ئەگەینە ئەو ئاستەی کە ئەمانەوێ دڵنیام , بەڵام لە گەڵ بوونی کیانێك ئەو کیانەش هەر دەوڵەتەکەیە , کە دروستی کەین یا دروستی نەکەین.

**ب. فەرشی** ئامێری موسیقای کوردی کە بمانەوێ ناویان بەرین کامانەن؟

**ئە. قەرەداخی** ئەوئامیرانەی هەیە ناتوانین تەواوبەناوی ئامێری موسیقای کوردی ناوی بینین و هیچ نەتەوەیك لەم نەتەوانەی رۆژهەڵات ناتوانێ بە ئامێری تایبەت بەو میللەتە ناوی بەری, چونکە هەمووی ئامێری رۆژهەڵاتین بەڵام هەریەك بە شێوەێك, لە رۆحی ناوچەکەوە دێت! باڵەبان لە جەزیرەی عەرەب بە کاری دەهێنن لای ئێمە و ئازەرەی و لە باشوری روسیا و تورکیاش بە کاردێت . زەرب, فارس بە تایبەتمەندی و کیانی خۆی ئیسپاتی کردوە تار هی خۆیەتی, بەڵام ئێمەش بە کارمان هێناوە, سەنتور ئەڵێ هی خۆمە, عود ئەڵێ هی خۆمە. ئەو کەسەی کە عودی دروست کردوە چەندین رۆژهەڵاتناس ئیسباتیان کردوە کە "دەریاق کوری" کوردە و لە کوردستان لە دایك بووە. هونەرێکی کوردییە, بەڵام عەرەب ئەڵێ دەریاق عەرەبە. ئیبراهیم الموسلی و الحاق الموسلی ئەوانەکوردن و خەڵکی کوردستانن. ئامێری کوردی باڵەبان بەکار ئەهینن, زوڕنا, دەهۆڵ,دەف، زەرب, ساز, سەنتور لە کوردەواریدا بەکار هاتوە و بەکاری دەهێنن نە فارس نە تورك و نەعەرەب ناتوانن بڵێن هی منە هی ئەو میللەتانەی رۆژهەڵاتە! شمشاڵ حەکایەتی زۆر کۆنی شوانەکانی خۆمانە کە شمشاڵەکەی ئەخاتە بە ردەمی مەڕەکان کۆئەبنەوە, من منداڵ بووم "مینەی‌لولەك" ژەنەم لەبیرە لە هەلەبجە ئاهەنگی لە شایی بە شمشاڵەکەی لیئەدا, گۆرانی ئەکوت. لەو سەردەمە دا موسیقایان چۆن لیداوە؟خەڵك چۆن سەیرانی کردوە؟ ئەمە هەموویم بەنووسین نووسیوەتەوە , لە ساڵی 1820ەوە هێناومە هەتا ئێستا. بێجگە لەوەی کەوا خۆم لەساڵی 50 کانەوە. ژییاوم ئەوەی لە دەورو بەرم دیومە, ئەوەی موقابلەم لەگەڵ کردوە, لە گەڵیا ژییاوم ئەو تیپانەی کە لەسە ردەمی مندا دروست بوون. ئەم کتێبە ئێستا لەپەیمانگای هونەرە جوانەکان ئەیخوێنن.

**ب. فەرشی** هەروەك خۆتان تەجروبەی ناساندنی موسیقای کوردیتان لە ڕیگەی دەهۆڵ و زوڕناوە لەبرلین گێڕایەوە , لەم ساڵانەی دوایەشدا ئەم کارە کراوە ,هەر ئێستاش لە ئوروپا کوردەکانی باکور جێژنی نەورۆز بە دەهۆڵ و زوڕنا بە ڕیا دە کەن. چەند ساڵ لەمەوبەر جێژنی نەورۆز بە بەشداری شەهرام نازری بێژی گۆرانی کرماشانی لە هۆلێ کانەڵی یەکی تەلەوزیۆنی ئاڵمان لە شاری کۆلْن بە دەهۆڵ و زوڕنا دەستی پێکرد کە تاقیکردنەوەێکی سەرکەوتوو بوو بەتایبەت بۆ ئوروپییەکان شتێکی نوێ بوو کە چەند جار لە رادیۆکانی ئاڵمان بڵاو کرایەوە. زۆر میللەتی تریش لە ڕێگای دەهۆڵەوە موسیقاکەیان ناساندوە وەك ئەفریقایەکان، ئەمرۆ دە هۆڵەکەیان شوێنی خۆی لە موسیقای رۆژئاواییدا کردۆتەوە. ئایا ناساندنی ڕێك وپێکی موسیقای کوردی بە کەڵك وەرگرتنی بەجێ لەم ئامیرانە تا چ ئەندازە ئیمکانی هەیە ؟

**ئە. قەرەداخی** گومانی تێدا نییە ئێمە ئەگەر بیر لە موسیقای کوردی بکەینەوە ئەبینین موسیقایەکمان هەیە پێی ئەڵێین موسیقای میللی, موسیقایکی ترمان هەیە کە سەری هەڵداوە لەبیرێکی تازەی جیهانییەوە. دوای ڕاپەڕینەکە چەندین پێشنیارمان کرد, دووسێ تیپی توراسی دروست کەین دونیا بگەڕین, بڵێن ئەوە کەلەپوری کوردیە, لەهەمان کاتدا خۆمان بەمیللەتانی تر بناسینین. یەك کەس نەچووە ژێرباری ئەم ئەرکەوە. حەفتەیەك لەمە پێش لایەنێك پێی وتم ناوی نابم ئەگەر بەناوی ئێمەوە بچی بۆدەرەوە ئێمە ئامادەین بۆت بکەین, وتم بەداخەوە ئەبوایە کوردانە بێنە پێشەوە نەوەك حیزبانە. وەك هەنگاوێك ئەتوانن تیپێکی چکۆلە 6 هەتا 10 کەسی کە نیشاندەری توراسی کوردیمان بکا بنیرین بۆ ئەم لاو و ئەولا کە موسیقای کوردی پێشکەش بکا لە گەڵ تیپێکی هەڵپەرکێی جوان.

[من قەت ناتوانم ناوی ئەوە بنێم, کەڕزگار خۆشناو وناسری ڕەزازی و نازانم کێ ئەچنە سەر مەسرەح و گۆرانی ئەڵێن و کاسێت ئەنیرنەوە وڵات فەننی کوردی لە ئوروپا پێشکەش ئەکەین. ئەوە لای من مەفروزە! ئەبێ خەڵك "بە وەعیە وە" دانیشێ گوێ لە فەننەکە بگرێ, نەك دەست بکا بە چەپڵەرێزان و نەزانێ تۆ دەڵێی چی. ئەمانەوێ خەڵك ئاوا گوێمان لێبگرن؟] ئەبێ کارێکی وابکەین رۆژنامە ئوروپیەکان، جیهانییەکان لەسەرمان بنووسن نەك خۆمان لە سەر خۆمان ئەویش بە پێشکەش کردنی رێکوپێکی نمونەی موسیقای کوردی.

لە میهرەجانی لاوان رۆژێك کاك سەربەست بانگی کردم وتی وەرە شتێکت پێنیشان دەم. کە چووم لە مەیدانێکی گەورە لەوحێکی گەورە هەڵواسرابوو لە موسیقای میللەتانی دنیا کە سەیرم کرد, مووچڕکێك بە گیانمدا هات ڕەسمی خۆم بە دەهۆڵەکەوە دیت! هەستم بەوە کرد کە ئەخوێندرێنەوە. دیارە زۆر باشتر ئەبێ کە تیپێکی 40 , 50 کەسی چەند گۆرانی بێژ لە کوردستانی ئێران, چەند موسیقای جوان لێرە و لەوێ پێك بێت و با جیهان بگەڕێین, باشە پارتە سیاسییەکانمان ڕابەرە سیاسی یەکانمان بۆ بیر لەو حاڵەتە ناکەنەوە.؟

**ب. فەرشی** وەك چۆن باسی زمانی یەکگرتووی کوردی ئەکرێ ئاواش ئەتوانین باسی موسیقای یەك گرتوو بکەین. یا خۆ تێکەڵاوکردن لاتان پەسەندترە ؟

**ئە. قەرەداخی** خۆی تێکەڵاوکردنکە شتێکی جوانە من خۆم ئەوەم کردوە و کەڵکم لە کەلەپوری ناوچەی بادینان وەرگرتووە . هێندێك گۆرانی دەهۆڵ و زوڕنای ناوچەی سنە کە تایبەتە بە هەڵپەرکێ بۆیان هێناوم , کەڵکم لێوەرگرتووە وچەندین تابلۆی هەڵپەرکێم لێ دروستکردووە, کەڵکم لە هەڵپەرکێی ناوچەی سولەیمانی وەرگرتوە , لێرە هەر سێ پێ وچەپی هەیە, یاخۆ بەعزێك شتی بەسیت, هەڵپەرکێی ناوچەی لۆرستانم تەسیور کردووە و تابلۆم لێ دروست کردوە یا گۆرانی ناوچەی ئەویێم هێناوە لێرە وتویانە من ئەم تێکەڵکردنە بە شتێکی جوان ئەزانم. وەك ئەوەیە بگەینە ئەو ئاستە زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوومان هەبێ, وەکو ئەوە کیانێکی یەکگرتوومان هەبێ, من لەو ئاستەی دائەنێم.

**ب. فەرشی** ئەگەر بگەڕینەوە بۆ ساڵانی زوو ئایا جارێکی ترکاری موسیقا دەست پێ دەکەنەوە یا خۆ ئیشێکی تر؟

**ئە. قەرەداخی** ئەگەر بە ئاستی رۆشنبیری ئیستەمەوە بێ, ئاواتەخوازی گەڕانەوەم بەڵام وەکو خۆی نا. کە ساڵی 1960 دەستم بە کاری موسیقا کرد. ویستم ئەوە بوو لە ئاکادێمی بخوێنم لە دانشگا,, تەشریح کرام بۆ زەمالە ی دراسات,, بەڵام وتیان ببم بە بەعسی نەمکرد. نەرۆیشتم وازم لەو خواستە هێنا!.

**ب. فەرشی** لە ژیانتان ڕازین؟

**ئە. قەرەداخی** نا

**ب. فەرشی** بۆ؟

**ئە. قەرەداخی** چوونکە زۆر لە دڵمدایە هێشتا نەمداوە بە خەڵك.

**ب. فەرشی** وە کو چی؟

**ئە. قەرەداخی** لەوەی کە ئاواتە خواز بووم رۆژێك لە رۆژان هونەری کوردی لەو ئاستە دابێ کە لە مێشکی مندا هەیە هونەرمەندی کورد لەو ئاستە دابێ کە لە مێشکی مندا هەیە, رۆشنبیری کورد لەو ئاستە دابن کە لە مێشکی مندا هەیە. ئەلبەتە شتێك کە لە دڵ و دەرونمدا هەیە ئیشی داهاتووە, کیانی میللەتەکەمان ئەوە دەستنیشان دەکا.

**ب. فەرشی** ئاواتت چییە؟

**ئە. قەرەداخی** کوردستانیکی یەکگرتوو. ئەوە گەورەترین ئاواتمە. چوونکە هەموو خەونەکان لە وێوە لە دایك ئەبنەوە! کوردستانی گەورە خەونی هەموومانە, کەئەوە ببێ هەمووشتێك ئەبێ, بەبێ ئەوە هیچ شتێك نابێ.

**ب. فەرشی** موسیقا ئەگەر لە ژیانی کورد دەربێنی کورد چی لێدێ؟

**ئە. قەرەداخی** موسیقا بەشێکە لە ژیانی رۆژانەی کورد . میللەتی کورد کاری رۆژانەی خۆی بەموسیقا دەست پێدەکا.بڕواناکەم بێ موسیقا بژی.خەڵك بەگۆرانی ئیش دەکا لە ماڵا لە مەعمەل. شەوبەگۆرانی ئەنوێ. دایك مناڵ بەگۆرانی ئەخەوێنێ. گۆرانی بەشێکی گەورە لە ژیانی مرۆڤی کوردە.

**ب. فەرشی** ئەگەر رۆژێك کاری موسیقا نەکەی چ دەکەی؟

**ئە. قەرەداخی** هەر موسیقا ئەکەم!

**ب. فەرشی** ئەگەر کەسێك سازەکەت لێ بشکێنێ چ دەکەی؟

**ئە. قەرەداخی** وەڵا ملی دەردێنم. ئەوەندەی خۆم رێزی ئامێرەکەم ئەگرم, خەڵکیش ئەوەندەی رێزدەگرن. رێزی جەماوەرەکە منی بەردەوام کردوە. یانی ئەگەر گوێم نەدایە بەو رێزە, هێندێك زروف هاتوتە پێش ئەبوایە وازم لەموسیقا بهینابایە بەڵام خۆشەویستی جەماوەرکە وای لێکردم بەردەوام بم.

**ب. فەرشی** ئەگەر خۆت بە تەنیا بیت حەز دەکەی گۆرانی کێ بڵێی ؟

**ئە. قەرەداخی** جار جار گۆرانی خۆم دەڵێم .

**ب. فەرشی** ئەگەر تەلەفون بکەن بڵێن سبەینی تیپی کامکار, ماموستا قادر دیلان، ئیقباڵ حاجبی, دڵشاد و ئەوانی دی لە شاری سولەیمانی ئەبن چ دەکەی؟

**ئە. قەرەداخی** پێشوازی هەموویان دەکەم

**ب. فەرشی** دوایە چی؟

**ئە. قەرەداخی** بە دەم هەموویانەوە ئەرۆم. ئەوە مەبدەئی منە. بە دەمەو چوون لای من هەنگاوێکی گەورەیە. مەسەلەن کوڕێکی گەنج ڕەنگە ڕەنگە لە مێشکی خۆیدا من بە شتێکی زل ببینێ,

منیش ئەگەر برۆم بە دەمیەوە ڕەنگە سوودێکی پێ بگەێنم, بگاتە ئەو حاڵەتانە کە واخۆی لە مێشکی دایە. بەڵام ئەگەر وازم لێهێنا، ڕەنگە نەگاتە ئەو ئاستە وتووشی نووشستی بێت. هەرهونەرمەندێك ئەگەر گەورە بێ یا بچووك پێویستی بەوە بێ من ئەچم بە دەمیەوە من بە رۆح و گیان ئەچم بە دەمیەوە من قەت کەم تەرخەمیم نەکردووە. شایدیشم هەیە لێرە دانیشتووە ( ئیشارە بە کاك حەمەڕەزا) نەك ئەو دەیانی وەك ئەو. ماموستا قادر دیلان لە سەردەمێکدا کە کەس نەیدەوێرا دەست بۆ پیانۆ ببا بۆ ئامێرێکی موسیقا ئەو دەستی لیئەدا لەو فەترە دا مێژوویەکی گەورەی بۆ خۆی دانا لە ناو کورددا. بەرادەرانی کامکار بەلانی کەمەوە هونەرێکی پاکیان لە دەست ئەبیتەوە بیەوێ ونەیەوێ حەوت هەزار ساڵی دی هەرکوردە، من بە کوردی سەیری دەکەم بەرهەمەکەشی ئەبێ بەرەو کوردییت بەرێ رۆژیك لە روژان ئەبێ هەر وای لێ بێت . چوونکە جەماوەری کوردە کە خەم خۆری ئەوە. فارسەکە ئیشی پێیەتی هەر وەخت ئیشی پێی نەما ئەڵێ برۆ خوا حافیزت بێ.بەڵام کوردەکە بە تاسەوە باوەشی بۆ دەگرێتەوە .هەموو هونەرمەندەکانی تریش ئەوەها سەیریان دەکەم چوونکە ئەبێ خەم خۆری خۆمان بین, ئەبێ بە دەم فەرهەنگی خۆمانەوە بێین. ئەگەر من رێز لەو نەنێم ئەو رێز لە من نەنێ ناتوانین بگەینە ئەو ئامانجە کە ئەمانەوێ! ئەگەر دورەپەرێز بین لە یەك نابین بە هیچ!

**ب. فەرشی** بۆ وەك زۆر کەسی تر نەچوونە ئوروپا یا شوێنی تر دانیشن؟

**ئە. قەرەداخی** من لە کوردستان لە دایك بووم, لێرەش ئەبێ بمرم.

سولەیمانی ماڵی ئەنوەر قەرەداخی، نەورۆزی ساڵی 1994زایینی2694 کوردی







# مەزهەر خالقی

**ب. فەرشی** کاك مەزهەر ئەگەر ئیزن بفەرمووی پرسیاری یەکەم باسی ژیاننامە و دەسپێکردنی چالاکی هونەریتان بێت؟

**م. خالقی** من لە شاری سنە لە بنەماڵەیەکی ئایینی هاتوومە دونیا. ئیشی موسیقام لە تەمەنی یازدە ساڵان هەر ئەو دەمە کە لە مەکتەب بووم دەستپێکرد. ئەو کاتە لەمەدرەسە عادەتەن جەشن و حەفلە هەبوو. لەجەشن وحەفلەکانەوە دەستم پێکرد. ئەو دەمە لە شاری سنە رادیۆ هەبوو, حەفتەی جارێك شەوانی هەینی بەرنامەی هەبوو. داوەتیان کردم لە سەر رادیۆ گۆرانی بڵێم هەر لەو تەمەنی یازدە دوازدە ساڵیدا. دەنگی رادیۆ وابو کە بە شەو ئەیتوانی ناوچەیەکی زۆر لە کوردستانی ئێران داپۆشێت, حەتتا بگاتە تارانیش. ئەوە بوو خەڵکێکی زۆر وردە وردە دەنگی منیان ناسی و پێیان خۆش بوو. کە مەکتەبم تەواو کرد چوومە تاران لەوێ دیسان لەسەر ئیشی موسیقا هەر بەردەوام بووم و لە رادیۆ تاران گۆرانیم ئەوت و دەنگم بە هەموو کوردستانی گەورە گەیشت و خەڵك زۆرتر لە گەڵ دەنگی منا ئاشنا بوون. لە سەرەتای منداڵیەوە ئوستادم هەبوو کە لە ماڵەو مەقامات و هەواکانی کوردیان پیئەوتم , با بڵێن بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆ زانستی فێریان کردم. ئەو کات کە گەنج بووم مەقاماتە فارسیەکانیشم لە گەڵ گۆرانییە کوردیەکاندا ئەوت. هەر ئەوەش باعیس بوو کە لەگەڵ ئوستادە فارسەکانیش ئاشنابم و بتوانم هێندێکیش لەوان کۆمەك وەربگرم بۆ ئەوەی کاری موسیقا و گۆرانی کوردی خۆم پەرە پێبدەم.

**ب. فەرشی** چۆنییەتی کاری موسیقا لە شاری سنە و لە کوردستاندا لە چ ئاستێک دا بوو؟

**م. خالقی** ئەگەر باسی ئەو سەر دەمە 28-1327(59_1958) بکەین موسیقار زۆر هەبوون باوکی ئەو کامکارانە کە ئێستا ئیشی موسیقا ئەکەن و لە ئێراندا بەناوبانگن, ویولنیست بوو کەلاسی دەرسی هەبوو, بۆ ئەوانە کە بیانەوێ فێری ئاواز و موسیقای کوردی بن. هەروەها جگە لەو کەسانی تریش هەبوون کە دیسان ئەوە موزیسین بوون موسیقار بوون.

**ب. فەرشی** وەك کێ ؟

**م. خالقی** ئەڵبەتە ئەوانی تر فارس بوون. بەڵام لە ناو کوڕە گەنجە کانیشدا هەبوون. چەند کەسێك جولەکەی کورد بوون یا خۆ مەسیحی کورد بوون وەکو موقەدەس جولەکە بوو یا گریشا مەسیحی بوو. بە ڕاستی هەر ئەو دەمەش کوردستان یانی سنە گۆرانی و موسیقا زۆر زۆر پێشکەوتوو بوو. سنە ئەو کاتە تیپی موسیقا و گۆرانی خۆی هەبوو. ڕاستە وەك ئێستا پێشکەوتوو نەبوو بەڵام موسیقا و گۆرانی لە کولانا لە کۆڕ و مەجلیس و جێژنەکان لە میوانی وتئاترەکان لە هەموو لایەك بە هەموو شێوەیەك زۆر بە ئازادی بە پێشوازی خەڵك ئەبیسترا.

**ب. فەرشی** گۆرانی بێژەکانی ئەوسەردەمە کێ بوون؟

**م. خالقی** گۆرانی بێژی سەردەمی من هەر محەمەدی ماملی بوو کە لە مەهاباد بوو. ئەڵبەتە لە شاری سنە گۆرانیبێژ زۆر هەبوون. من وا بە ناوبانگیان نازانم ناویان بەرم. بەڵام هەر ئەو دەم خەلیلی سەدیقی لە سنە بوو, کە لە ئەسڵدا ئەهلی مەهاباد بوو ماوەیەك لە سنە بوو. عەزیزی شاروخ کە ئێستا هاوچەرخە لە سەردەمی مندا بوو ئەمانە گۆرانیبێژی باش بوون کە لە کوردستاندا بوون. زۆربەی خەڵك گوێیان لە دەنگیان ئەگرت.

**ب. فەرشی** پێش ئەوەی ئێوە دەست بە گۆرانی وتن بکەن چ کەسانێك هەبوون؟

**م. خالقی** لەسنە لە بەر ئەوەی رادیۆکە رادیۆی ئەرتەش بوو, زۆربەی بەرنامەکان بەزمانی فارسی بڵاودەکرایەوە لە بەر ئەوە گۆرانیبێژی فارسیش لە سنە هەبوون. گۆرانیبێژی کوردی ئەو سەردەمە لە سنە کوڕێك بوو بە ناوی نەورۆزی کە بە کوردی و فارسی گۆرانی ئەوت.

وەهەر وەها یەکی تر بە ناوی غولامی ڕۆمی ئەویش کوردی و فارسی ئەخوێند, ئەڵبەت غولامی ڕۆمی و بەهای نەورۆزی بەر لە من بوون.

**ب. فەرشی** کاك مەزهەر فێربوونتان لای ماموستا ئایا تەنیا دەزگاکانی کوردی و مەقامە کوردییەکان ئەگرێتەوە یا خۆ فێری لێدانی ئامرازی موسیقاش بوون؟

**م. خالقی** بنەماڵەی دایکم و باوکم ئیستعدادی دەنگ خۆشیان هەبوو, زۆریان پێخۆش بوو کە لە ناو ئەو فامیلەدا یەکێك بتوانی ئەم ئیستیعدادە بە خەڵك بناسێنێ و بیخاتە بەر دەستی خەڵك تا کو ئیستیفادەی لێبکەن. بەڵام لە بەر ئەوەی ئەوان لە خانەوادەی خەوانین بوون یاکو خانەوادەی مەزهەبی بوون ئەو کارەیان نەدەکرد. من کە مناڵ بووم ئیتر بەرگریان نەکرد و توانیم ئەو هەست و ئارەزووەی ئەوان بە ئازادی بیخەمە بەر دەست خەڵکەوە. هەروەها مەسەلێکی تر ئەوە کەمن چوونکو ڕاستە وخۆ ئیشم ئەوە نەبوو کە کاری گۆرانی و موسیقا بکەم. لە مەکتەب دەرسم دەخوێند و دوای ئەویش ئیشی ئیداری و ئەوشتانەم دەکرد, ئیتر مەجالی ئەوەم نەبوو بە ڕاستی دابنیشم ئالەتێکی موسیقی تریش لە گەڵی فێربم. و ڕاستە و خۆ ببم بە موزیسین یا گۆرانی بێژ کە هەموو وەختم لە سەر ئەو هونەرە دابنیم. بەڵام لە بەرئەوە خۆم بە بەشی خۆم حەز لە گۆرانی و موسیقا ئەکەم  لە گەڵ ئەوەشدا هێندیك ساز و شتم لێئەدا لەگەڵ خودی گۆرانی و موسیقاکە ئەڵبەتە بۆ خۆم یا بۆ خزم و کەس و کار و دۆستانی دەورو بەری خۆم. نەوەکو بڵێم لە رادیۆ لێبدەم یا لە حەفلەو ئەم لاو ئەولا. ئەمەیە وەختی خۆی سێتار و تەنبور و ساز لە کوردیدا لێئەدم. زۆربەی گۆرانییەکانم کە دروستی ئەکەم لەپێشدا خۆم بە تەنبور و ساز  لێی ئەدەم و لە گەڵ ئەوەدا جۆری دەکەم و سازی ئەکەم. ئەوەیە من بۆ خۆم سازیش لێئە دەم. ڕەنگە لە داهاتوودا لە بەر ئەوەی بەڕاستی مەسەلەی موسیقا و ئەوانەی کە بتوانن لە گەڵیان ئیش بکەم نەختێك موشکلە ڕاستەو خۆ لە هێندێك لە کارە کانما خۆم ئامرازێکی موسیقا لێبدەم..

**ب. فەرشی** کاك مەزهەر ئێوە زانیاریتان زۆرە لە سەر موسیقای کوردی تکایە بفەرموون موسیقای کوردی چۆن دابەش دەکرێ یا خۆ دەزگاکانی موسیقا کوردی چین؟

**م. خالقی** مەبنا و بنەڕەتی گۆرانی کوردی گۆرانیگەلی ڕۆژهەڵاتین یا خۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئوسولەن هەرئەم دەزگاگەلەیە کە لە فارسیدا پێیئەڵێن دەستگا یا ڕەدیف یا عەرەب پێیئەڵێن مەقامات. ئەو دەستگا و مەقاماتە لە هەموو ناوچەی خاوەرمیانە هەتا ڕۆژهەڵاتی  دور و هیندستان بە پێی بووچونی من هەمووی بەیس و مەبنای یەکێکە. یانی ئەو مەقاماتە کە عەرەب دەیلێ لە گەڵ ئە و دە ستگاگەلە کە هیندیەکان ئەیلێن لە گەڵ ئەو مەقاماتە کە تورکەکان ئەیلێن و دیسانەوە کورد ئەیلێت بەیس و مەبنای هەمووی لە یەك چوارچێوەدایە. مونتەها عەرەب بە هی خۆی دەزانێ فارس بە هی خۆی دەزانێ تورك و هیندو پاکستانیش بە هی خۆیانی ئەزانن. لە بەر ئەوەی ئەوانە خاوەنی کتێب و مێژوو و وڵات و دەوڵەتی خۆیانن. بەڵام بەداخەوە ئێمە لە بەرئەوەی کە خاوەنی مێژووی سەربەخۆ و دەوڵەتی سەربەخۆ نەبووینە کەمتر باس کراوە و نەمانتوانیوە بەشی خۆمان جیا کەینەوە. هیچ گومانی تێدا نییە کە بەشێکمان لەم کەلەپورە گەورەی ڕۆژهەڵاتدا هەیە. ناتوانین بڵێین هەمووی هی ئێمەیە , هیچ میللەتێکیش ناتوانی بڵی هیچی هی ئێوە نییە. لە بەر ئەوە بەلای منەوە ئەبێ ڕۆژێك لە ڕۆژان کە ئیشالا ببین بە خاوەنی وڵاتی خۆمان و مێژوو و کتێبی   خۆمان, دابنیشین بەشی خۆمان لە ناو کەلەپوری هاوبەشی میللەتانی ڕۆژهەڵات بکێشینە دەرە وە و ناوی خۆمانی لە سەر دابنیین. ئەڵبەتە هێندێك شت هەیە کە ئەوان نە هەیانە  نە توانیویانە دەستی بە سەردا بگرن وەکو حەیران لاوك وەکو خاوەری و خورشیدی وەکو سیاچەمانە وەکو هۆرە. کە ئەوان نەیانتوانیوە دەستی بە سەردابگرن و رایکێشن و بۆخۆیانی لە قەڵەم دەن. بەڵام ئەوەی لێدەرچێ کە ڕاستە وخۆ کەلەپوری خۆمانە باقی یەکەی ئەبێ دابنیشین لە ناو جەرگی لە ناو دڵی موسیقای ناوچەدا بیکێشینە دەرەوە . ئەڵبەتە ئەوەش ئەوە نییە من بڵێم یەك یەك کامەن بە ڕاستی من نامەوێ بە شێوەیەکی تەعەسوب بێ  لێکۆڵینەوە  ڕاستە وخۆ دەست بخەمە سەری و بڵێم ئەمە ئەمرۆ ئەیڵێم بۆداهاتوو. بەڵام بۆ وێنە لە دەزگاکانی فارسیدا بەیاتی کورد و بەیاتی زەند هەیە. ئەوانە ڕاستە  و خۆ هی  ناوچەکەیە و ناوی  کوردستانی پێوەیە. بەڵام بە سەر ئەو مەقاماتە فەرزناکری بۆ وێنە چوارگا پێنجگا ماهور دەشتی شور ئەمانە گشتی ناوگەلی فارسیە . کە عەرەب و هیند و تورکیش هەر بەو ناوە بانگیان دەکەن. ئیتر من نازانم کابرای عەرەب چۆن بۆ وێنە بە دەزگای شور ئەڵێت ئەمە دەزگای عەرەبیە . ناوەکە فارسیە ئەڵێ هی منە. هومایون ڕاستەو خۆ فارسییە ئەڵێن هومایون هی منە . من

نامەوێ ئەو تەعەسوبەمان هەبێ بڵێین ئەو مەقامە و ئەو مەقامە هی ئێمەیە. بەڵام ئەڵێم کە لەبەر ئەوە زۆربەی تەسنیفەکانمان, بەستەکانمان لە ئەو دوازدە دەزگایە کە کەلەپوری ناوچەکەیە و لە وڵاتانی عەرەبیەوە دەست پێدەکا هەتا ئاسیای دور تا هیندستان دەگرێتەوە ئەمە هەمووی هاوبەشە و بەشی ئێمەشی پێوەیە. ئەو بەستانە لە سەرمەقامات دروست کراون و مەقاماتەکە لە ناوجەرگی خەڵکەوە هاتوە چوون بەستەکە فولکلۆرە و فولکلۆرەکەش کابرایێکی نەخوێندەوار لە دێهات وتویەتی. مانای ئەوەیە بە چەشنێکی سروشتی ئەو مەقامە هی ئەوە یا خۆ بەشێکی هی ئەوە.
بەڵام ئەم بەشانە کامی هی ئێمەیە ئەبێ موسیقارەکان دابنیشن کاربکەن دەربینن. ئیشی زۆر درێژخایەن و بەربڵاوی دەوێ. ئەڵبەتە لەم زەمینەدا قسە زۆرە ئەگەر بمەوێ باسی بکەم ئەوە باسەکە درێژ دەبێتەوە دەنا مەسەلەی ئێمە تەنیا مەقامات نییە لە ناوچەکە موسیقا و کەلەپوری هەرە مەزنمان هەیە . زۆر بە ساکاری بلێم لە کابرایێکی عەرب یا فارس لە ناوچەکە بپرسە چەند گۆرانی فولکلوریت هەیە ؟ یا گۆرانییە فولکلوریەکانیان کۆ کردبێتەوە چەن دانەیە؟ 50 بێ ,100 بێ ,1000 بێ. بەڵام لە کوردیدا زیاتر لە هەزار گۆرانی فولکلورت هەیە کە کەمتر لە میللەتانی عالەم هەیانە . مانای چییە؟ هەزار گۆرانی فولکلور و سەدان چەشنە هەڵپەرکێ مانای ئەوەیە میللەتێکی دەوڵەمەندە هەر لەو ئورووپایە چەند چەشنە هەڵپەرکێ هەیە کە لە سەر شانۆ و نادیەکان وکلوبەکان نیشانی بدەن بە قامك بیژمێرە. لە کوردیدا هەر ناوچەیەك هەڵپەرکێی خۆی هەیە. مانای ئەوەیە ئەو هەموو هەمەچەشنە, غەنای کولتوری گەلەکەدەگەێنێ.

ب. فەرشی موسیقای کوردی چ تایبەتمەندێکی هەیە کە بکرێ لە موسیقای تر جیایی کەیەوە؟

م. خالقی جیاکردنەوە یا دیاری کردن بە بڕوای من کارێکی ساکار نییە ئێمەهێندیك شتمان هەیە دیاری کراوە . هێندیك شتمان هەیە تێکەڵاوە و ناتوانین جیای کەینەوە. هەروەها ئێوە لە ئوروپا مەگەر لە زماندا جیاوازییەك بەینی موسیقای ئینگلیسی و ئاڵمانی نابینی. بە لای منەوە زۆرشت هەیەکە ناتوانی فەرق بنێی لە ناو موسیقای عەرەبی و تورکی و فارسیدا ئەمەش دیسان عەینی شتە بۆ کوردەکان. ئێمە میللەتێکین تێکەڵ لەم ناوچەیە, بە چاوێکی تەعەسوب نابێ سەیری بکەین کە بڵێیین بەشی ئێمە جیاوازی تەوای هەیە, بە لای منەوە جیاوازی تەواو ئەگەرێتەوە بۆ ئەوە کە هێندیك شت ئێمە هەمانە ئەوان نیانە . بۆ وێنە وەختێك باسی لاوك و حەیران دەکەین کە مێژووی ئێمەیە نە تەنیا مێژووی غەرامی بەڵکو مێژووی شەرەکانی ئێمەی تێدایە . ئێمە هێندیك لە مێژوومان ئەتوانین لە ناو جەرگی ئەوحەکایەتانە ئەو بەسەرهاتانە کە بە شێوەی حەیران و لاوك وتراوە دەربێنین. شەرەکانمان لەگەڵ ئەوانە کە هاتوون داگیریان کردوین یا کو بە پیچەوانە مێژووی کۆچ کردنەکان تێکەڵ بوونی مەحەبەت و خۆشەویستی لە بەینی خەڵکەکاندا, یاکو بەسەرهاتی موسیقای مەزهەبیمان کە بڵێین موسیقای عیرفانییە, کە هێندە دەوڵەمەندە ئەمرۆ هەموو بەشەکانی ئێرانی داگرتووە. ئەڵبەتە داخێك هەیە لە بەر ئەوە خاوەنی دەوڵەت و وڵات نەبوینە موسیقی کوردی گەشەی پێنەدراوە لە بەر ئەوەی گەشەی پێنەدراوە ئێستا زۆر دەست لێنەدراو ماوەتەوە. ئەمە ئەگەربێنین لەوەی کە دەست لێنەدراو ماوەتەوە بەشەکانی خۆمان جیا بکەینەوە و لە سەری کار بکەین , ئەو دەمەیە کە دەتوانین بڵێین شتە هاوبەشەکانمان لابردوە. ئەوشتانەی هی خۆمانە لە سەری ئیشمان کردوە , ئەوە بەلای منەوە کارێکی زۆر سەختە. ئەوە شتێك نییە کە بە ڕاستی من دەست نیشانی بکەم ئەو ریتمانە ئەو زەربانە کامی هی ئێمەیە ئەو مەقاماتە کامی هی ئێمەیە هی ئەوانە بەڵام ئەوەی کە موسەلەمە لە بەینی کوردی و فارسی و تورکی شتەکانمان زۆر لە هەموو ئەوانە نزیکە. ئەوانیش زۆر لە ئێمە نزیکن.

ب. فەرشی هەروەك ئاگادار هەن فولکلوری هەر نەتەوەیەك لە چوارچێوەی ناونەتەوەییدا سەبت دەکرێ. بۆ وێنە فلان گۆرانی فولکلوری فلان نەتەوەیە و لە فلان ناوچە ئەگوترێ و ناوی گۆرانییەکە ئەمەیە. بەداخەوە زۆر لە گۆرانییەکانی ئێمە هەڵپەرکێکانمان بە ناوی میللەتانی ترەوە سەبت کراوە، دەوڵەتی تورکیا بەشێکی زۆری هەڵپەرکێ و گۆرانی کوردی بە ناوی خۆی لە قەلەم داوە و بە دانانی کەلامی تورکی بە فەرهەنگی تورکی ناودەبا. ئەوە مەسەلەی داهاتوو کە ئێوە باسی دەکەن زۆر چەتوون و ئالۆز دەکا . دور لە بیری ڕەگەز پەرستانە بەرهەمی نەتەوایەتی هەر نەتەوەیەك تام و بۆن و چێژ و چوارچیوەی خۆی هەیە راتان لە سەر ئەم بۆچوونە چییە؟

**م. خالقی** هەروا کە ئەزانن موسیقا سنوری نییە. چوونکە بەڕاستی موسیقا حاڵەتی ڕۆحی ئینسانیك ئەگەێنێ کە ئەیەوێ خۆی مەترەح بکا شەرایەت و وەزعی خۆی لە حاڵ یا رابوردودا ڕاگەێنێت. و زۆرجار ئەو شەڕایەتانە لە هەر لایەك بێ وەکو یەك وان، بۆیە گۆرانی ئەنیشیتە دڵ, گۆرانی کوردی یان عەرەبی بۆ وێنە ئەنیشیتە دڵ, ئەوەی کە لە ئەفریقا یە یا بە پیچەوانە، چوونکە وەکو فارس ئەڵێ ,, هرانچە از دل براید بردل نشیند,,.لە بەر ئەوەی گۆرانی فولکلور نەغمە و دەنگی ئینسانی تەبیعیە, ئەو نەغمە و دەنگە تەبیعیە لە هەرلایەکەوە بێ ئینسان بە گوڕو بە جۆش ئەتوانێ هەستی بکا. بە لای منەوە موسیقا کە سنوری نەبو زۆر موشکیلە ئێمە بێین حەدی بۆ دانین بڵێین تورکەکان گۆرانی عەرەبی نەڵێن فارسە کان گۆرانی کوردی نەڵێن یان کوردە کان گۆرانی تورکی نەڵێن. ئەمە بە لایەك, لایەکی تریش موسیقای دەوڵەمەندی کوردی لە بێ خاوەنی کەوتوتە گیر ئەو ولاتانە کە داگیریان کردوین . لە تورکیا دەستی کەم زیاتر لە سەدی 50ی گۆرانییەکانی تورکی کوردیە . من لە سەر ئەوە تاقیکردنەوەیەکم هەیە بۆتانی ئەگێرمەوە . لە ساڵی 1989 لە لەندەن لە گەڵ ناوەندی کولتوری هاوکاریم ئەکرد لە کۆمیتەی بەریوەبەرایەتی دا بووم. ئێمە مەجموعەیەکی هونەریمان سازکرد کە لەفستیوالی جیهانیدا بتوانن لە شاری خلانکوخلان لە ویلز بەشدار بن ئەم فستیواڵە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی دروست بوو, کە فستیوالێکی کولتوریە هەموو ساڵێك 50 تا 60 نەتەوە بە شداری تێدا دەکا. ئەو ساڵەش ئێمە توانیمان وەکو میللەتێك برۆین و کولتوری خۆمان لەوێ نیشان بدەین.

دەوڵەتی تورکیا کە بەشداری ئەکرد زۆربەی ساڵان پلەی یەك و یا لە بەینی یەك و سێدا هەمیشە هاتوچۆی دەکرد . ئەو ساڵە بە چاوی خۆمان دیتمان زۆربەی بڵێین سەدی هەشتای هەڵپەرکێ وگۆرانی و فۆلکلۆر کە هێنایانە سەر شانۆ بە جل و بەرگیانەوە بە شێوەی پێشکەشکردنیانەوە هەموو کوردی بوو. لە بەر ئەوە ئێمە بەربەرەکانیمان کرد. بە داوەرەکە ئیعترازمان کرد. چووون زۆربەی وێنەی ئیشەکانی ئێمە بوو, قسەی ئێمەیان وەرگرت . دەستەی ژووری دانی پێدانا کە ئەمانە تورکی نین و کوردین. بەم هۆیە ئەوساڵە تورکیا بە هیچ شێوەیەك نەیتوانی پلەیەك بێنێت بە پیچەوانەوە ئێمە بە رەقەم 5 دەرچووووین. ئە وە لە کاتێکدا بووکە ئێمە وەك ولاتێك ئامادە نەبووین. ئەمە ئیسپاتی قسەکەی ئیوەیە کە بۆ وێنە یەکی وەکو دەوڵەتی تورکیا توانیویەتی دەست بکێشێت بە سەر کەلەپوری هونەری ئێمەدا. بەڵام فارسەکان بە هۆی ئەوەی موسیقا و گۆرانی و ئەوشتانە هەر لە زەمانی سەفەویدا یاساغ بووە ئیتر بەستە و گۆرانی زۆریان نییە تاکو پێشکەشی خەڵکی کەن یا لە فستیواڵ و شتی وا بەشداری بکەن ئەوان کەمتر کەڵکیان لە کولتورو گۆرانی و هەڵپەرکێی کوردی وەرگرتووە . هەتا ئەم ئاخرەی زەمانی پەهلەوی هێندێك موسیقایان هەبوو کە هاتنە پێشەوە. بەر لەو قەدەغە بوو ئێستاش کە ئەبینن هەروا قەدەغەیە .

بەڕاستی فارسەکان جگە لەمەقامات و کارگەلی مەزهەبی شتێکیان نییە لە ناوچەکە پێشکەشی بکەن. بەڵام تورکەکان زۆربەی گۆرانییەکانی کوردیان ڕاستەوخۆ هەڵگرتووە و کەڵکی لێوەردەگرن ئێستاش ئەگەر ئەوەی لێ لابەرین تورك لە باری موسیقا و گۆرانییەوە پێم وایە زۆر زۆر فەقیر ئەبن .

**ب. فەرشی** لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش هێندێك گۆرانی بێژی بە ڕەگەز کورد گۆرانییە کوردیەکان بە زمانی تورکی ئەڵێنەوە بێ ئەوەی باس بکرێ ئەوە کوردیە بۆ وێنە برایم تاتڵی سەس. ئاکاری ئەوانە چۆن دەبینن؟

**م. خالقی** ئەوە مەسەلەیێکی زۆر حەساسە بۆ وێنە تاتلی سەس لەم دوایانە کە باری سیاسی کورد لە کوردستانی تورکیا هێندێك گۆرا توانی بە کوردی گۆرانی بڵێ حەتتا هەڕەشەیان لێکرد. ئەو جۆرەی من بیستومە بریندار یان کردوە و بە دەمانچە تەقەیان لێکردوە. هەر دیسان دیتومە بە کوردی گۆرانی وتووە. مونتەها مەسەلە ئەوەیە ئەگەر گۆرانیبێژێك ئەتوانێ عەرەبی یا فارسی ئینگلیسی یا کوردی بڵێت ناتوانی بڵێی ئەوە نەڵێت. بە لای منەوە ئەوەی هەر بڵێت نا من لە سەر تەعەسوبم ئەگەر دەنگم خۆشە ئەگەر سازێك لێئەدەم وگۆرانێکی باش دەزانم هەر بە کوردی بیڵێم . ئێمە ئەبێ کوردیەکە کار بکەین ئەگەر توانیمان وەکو گۆرانیبێژێك وەکو هونەرمەندێك وەکو رەسامێك وەکو ئاکتۆرێکی سینەما لە حاندی جیهانی ویا ولاتانی تردا ئیش بکەین مانع نییە.

بەڵام ئەبێ ئەوەی کە ئەرکی سەرشانی هۆنەرمەندە بۆ میللەتەکەی ئەوە بکا و بە تەنیشت ئەویشەوە چی ئەتوانێ خزمەتی کولتوری میللەتانی تریش بکا. لە بەر ئەوە برایم تاتلی سەس

یا ئەوانی تر یا هەر گۆرانیبێژێکی تری کورد هەرکە ئیزنی بدەن ئیزنی مانی بدەن ئیزنی قسە کردنی بدەن ئیزنی جوڵانەوەی بدەن دێتە سەرخەتی کوردی خۆی لام وایە ئەوەندە تەعەسوب لە کورددا هەیە بۆیە تا ئیستا نەتواوەتەوە.

**ب. فەرشی** مەبەست لەو پرسیارە هەر ئەوە بوو کە ملۆدیە کوردیەکان بە زمانی تورکی ئەوترێتەوە و بە تورکی لە قەڵەم دەدرێ و لە کوردی ئەسڕێتەوە مەبەست پاراستنی ملۆدیە کوردیەکانە دەنا قسەی ئێوە ڕاستە.

**م. خالقی** ڕاستەڕاستە ئەوە خەتەرێکی زۆر گەورەیە گەر وایان کردبێ بە لای منەوە خەتەرێکی گەورەیە بەڵام ئەگەرلەژێرزەخت و زۆردابێ ئەوە من نازانم ئەوە ئیشێکی سیاسیە و باسێکی ترە .

**ب. فەرشی** ئەڵبەتە بۆ ئەو کارە دەوڵەتی تورکیا لە 70 سال لەمەوبەرەوە بەرنامەی تایبەتی هەبووە ئەو کەسانەی هاتونەتە ئەو ڕێگایەوە زۆر خەڵات کراون ئیمکاناتیان بۆ ژیان دراوەتێ هەرکەس ملۆدی زۆرتری کوردی هێنابێت و بە تورکی پێشکەشی کردبێ لایان ئازیزتر بووە, یانی بەرنامەێکی تەواوسیستیماتیک بۆ لە ناوبردنی کولتوری کوردی بەڕیوە چووە.؟!

**م. خالقی** ئێستا لە مەسەلەکە گەیشتم ئەوە بە ڕاستی بەلای منەوە خەیانەتە, چوونکە ئەوە دزییە! وەرگرتنی ڕاستەوخۆ ئەزانین زۆرشتیان لە ئێمەوەرگرتووە خۆیان کردۆتە خاوەنی, ئەیانەویت ئێمە لە مانا و فەرهەنگ دور بکەنەوە ئەوە خەیانەتە .

**ب. فەرشی** کاك مەزهەر باسی ئەوە دەکریت کورد خاوەنی 6000 ساڵ فەرهەنگە , موسیقا لێرەدا چ شوێنێکی هەیە ؟ ئەگوترێ گاتاکانی زەردەشت دەکرێ وەك مەبنای گۆرانی و ملۆدی کوردی سەیر بکرێ! بیروڕای ئێوە چییە؟

**م. خالقی** بەڵێ ڕاستە ڕاستە ئێمە هەر ئەو جورە ئەزانین وئەمرۆ گەنجەکانمان ئەبینن و ئەزانن, تا کو ێ بگا بەوەی سینگا و سینگ لە 1000ساڵ لە مەوبەرەوە شتەکانمان بۆ ماوەتەوە! کورد لە بەر ئەوەی کە میللەتێکی زیندوە لە ژێرهەموو زەختێکدا لە هەموو کات و ساتێکدا لە سەر کولتور و موسیقا و گۆرانی و شیعر و ئەوەی بتوانێ هۆی گەیاندن بە ژیان و بوژاندنەوەی خەڵك بێت دائم لەوە سەر کەوتو بووە با من باسی ئەو شتانەتان بۆ بکەم موسیقای کوردی لە چەند بەشی تایبەتی دروست بووە. یەکێك لەو موسیقا هەرە کۆنانەی کە بۆمان ماوەتەوە خاوری و خورشیدییە, کە بەگوێرەی مێژوو وبە گوێرەی ئەوە کە خەڵك دەڵێن. و هەروە ها بە گوێرەی شێوەی وتنەکەی و وا کە لەناوەکەیەوە دیارە هی ئەو کاتەیە کە کورد هەتاوپەرەست بووە. هۆرە هەرئەو ئاهەنگگەلەیە کە ئەگەر تۆ گوێی لێبگری و شێوە و سەبکی وتنەکەی بێنییە بەر نەزەر و قیاسی بکەی و لێکۆلینەوەی لە سەر بکەی دەردەکەوی کە هۆرە و سیاچەمانە یەکێك لەومەقاماتانەیە کە کتێبە ئایینییەکانی زەردەشت دەگرێتەوە هەروەك چۆن قورعان وتنیش مەقامی تایبەتی خۆی هەیە هەر ئەو مەقامانە کە ئێمە ئێستا هەمانە زۆربەیان دیسان لە مێژووی کۆنی ئێمەوە هاتووە. بەڵام فارسە کان کە بۆ وێنە وەختی خۆی لە زەمانی ساسانییەکاندا دەرباریان هەبوو ئورکیسترای باربەد ونەکیسایان هەبووە, دانیشتون مەقامات و گۆرانییەکانی ناوچەیان خستۆتە چوارچێوەێکەوە کە ئێستا باسی دەکەن. کەهەر ئەم دوازدە دەزگایە یا 5 دەزگا بنەرەتییەیە! بەڵام بە داخەوە ئێمەی کورد خاوەنی دەوڵەت و وڵاتی خۆمان نەبوینە, بۆ وێنە کەسانێك وەکو سەلاحەدینی ئەیوبی کورد بووە ولە سەر مەزارەکەی نووسراوە کە کوردە بەڵام شەمشیری بە ناو ئیسلامەوەوەشاندووە یا کەریمخانی زەند وەك ئەوانی تر شاهەنشاە بووە ناوی خۆی گۆریوە و وتویەتی وەکیل ولڕعایا . کورد هەمیشە خزمەتگوزاری گەل وخەڵك بووە و خۆی بە ئاغا و داگیرکەر نەزانیوە و بەو چەشنە ئاگای لە کەلەپوری خۆی نەبووە ومانع نەبووە میللەتانی کەڵکی لیوەرگرن. ئیستا کە مەرزگەل دیار بووگە بە قسەی تو مومکینە لە داهاتودا شەڕی موسیقا وکولتورومێژووی موسیقا دروست بێ. دوای ئیسلام گۆرانی عیرفانی کوردی دروست بوو کە شاعیرە بەرزەکانمان وەکو نالی و وەفایی جگە لە شیعر هێندیك مەقامی عیرفانیان داناوە . ئەشعار و هەوای زۆرمان هەیە کە ئێمە بە شێوەی عیرفانی دەیڵێین. ئێستا ئەم شێوەیە کە زۆر دەوڵەمەندە لە زەمانی کۆماری ئیسلامیدا لەم سەر تا ئەوسەری ئێرانی داگرتووە. ریتم و هەوای عیرفانی کوردی موسیقای ئێرانی گرتۆتە ژێر باڵ و ئەستۆی خۆی. ئەوان شیعری فارسی ئەخەنە سەر بە ناوی خۆیان ئەیڵێن یا بە شیعری کوردی و فارسییەوە دەیڵێن. دەفە یەکێك لە وانەیە جگە لە تەکیە و مزگەوت لە کوردستان کەڵکی لێوەرنەگیراوە بەڵام ئێستا موسیقای کۆماری ئیسلامی ئێران بە کاری ئەبا. بەشێکی تری







موسیقای ئێمە موسیقای هەڵپەرکێ یە کە ریتمیکە و پێی هەڵدەپەڕن. ئەمە لە سەدان گۆرانی جوراجوری غەرامی دروست بووە و هەرناوچەیەك بە شێوەی خۆی, ئێستا ناوچەکە چ باسی عەشیرەتی بکەین چ باسی ڕەنگ و تام و بۆی زمان بکەین هەرکامە بەشی تایبەتی خۆی هەیە. جا لە بەر ئەوە ئەتوانین بڵێین گۆرانی یا کو هەواکانی کۆن وەکو مەقامات و خاوەری و خورشیدی و حەیران ولاوك بەشێکی گرنگی موسیقای ئێمەیە . پاش ئیسلامیش موسیقای عیرفانی هەتا دێینە خوارەوە دەگەینە سەدەی بیستم موسیقای غەرامی و هەڵپەرکێ ئەمانە چەند بەشی جیاوازی دیاری کراوە بۆ ئێمە کە ئەمرۆ بۆمان ماوەتەوە جا ئەگەر کاری لە سەر نەکراوە بەڵام بە شێوەی گشتی کەڵکی لێوەرگیراوە . چ لە سەر شریت و کاسیت و چ لە سەر شانۆ . ئەمانە وجودی هەیە . هیوادارین بەڕاستی رۆژێك لە رۆژان ئێمە بتوانین بە شێوەیکی زانستی بە شێوەیکی رێك وپێك بتوانین زیندووی کەینەوە. پەرەی پێبدەین بۆخۆمان بۆ ولاتانی جیهان بۆ دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگی مرۆڤ بتوانین پێشکەشی مرۆڤایەتی بکەین.

**ب. فەرشی** کاك مەزهەر لەم پرسیارەوە با بێینە سەر باسی ئەمڕۆ، موسیقای ئەمڕۆی کوردی چۆن دەبینن؟

**م. خالقی** موسیقای کوردی بە لای منەوە ئەگەر باسی دە ساڵی ڕابوردو بکەین بەداخەوە زۆر لە تەنگانە دایە . لە ئێران موسیقا قەدەغەیە ئەگەرچی کورد لە ئێراندا خۆی سەلماندوەو یەکێك لە خەباتەکانی سیاسی چەسپاندنی فەرهەنگی موسیقای خۆی بووە. بەڵام دیسان توانیویە بەشێکی داچەسبێنێ. بەشەکانی تر وەکو شتی ریتمیك یا ئەوانەی باسی نەتەوایەتی کوردی تێدایە ئەوان هەردیسان نەیهیشتوە بوێژرێتەوە و بێتە ناو خەڵکەوە! لە بەر ئەوەیە کە ئەڵێین لە دە ساڵی رابوردودا بۆ موسیقای کوردی وەستانێك روی داوە .کوردستانی عێراق بە تەواوی کاول کراوە میللەتەکە لەوە نییە ئەوەی واهەیەتی بیبوژێنێتەوە . ماوەی ئەوەی نییە. کە دابنیشیت لە سەر موسیقاو گۆرانی! چونکە گەلەکەی شاد نییە, گەلەکەی لە حالی شەڕدایە . لە ئێرانی ئیسلامیش موسیقا قەدەغەیە. لە تورکیەش لە پێشدا ئەو موشکیلە هەبوو گەرچی ماوەیکە نەختێك کراوەتەوە , بەڵام ئەم کرانەوەیە درزێکی زۆر بچکوکە بۆ دەربازکردنی بەشێك لە فەرهەنگی میللەتەکەمان. لە بەر ئەوە ئەمرۆ بە ڕاستی گۆرانی و کولتوری کوردی لە وەزعێکی زۆر نالەبار دایە . ئەمە لە ناحیەی ناوەوە. لە ناحیەی دەریشەوە لە بەر ئەوەی کە ئێمە وەکو میللەتێك میللەتێکی فەقیرین, میللەتێکی پرژوبڵاوین لە ئوروپا وئامریکا. موسیقاش پێویستی بە سەرمایە و دەستمایە هەیە. لە دەرەوش نەکراوە خزمەتێکی وابکرێ کە موسیقای کوردی بپاریزین یا گەشەی پێبدەین . گەشەی پێبدرێ بچێتە پێشەوە. بۆیە من نەختێك دوچاری ترسم و هێندێك مەترسی ئەوەم هەیە کە ئەم فەترەیە ئەم دەورانە زۆر دەوام کێشێت. کە زۆر شت لە بیرمان بچێتەوە و لە چەند ساڵی داهاتوشدا نەتوانین شتێك زیاد کەین لە کەلەپورو موسیقا و ئاوازی کوردی! ئەوە من زۆر بۆی بە پەرۆشم لە مەراق دام!

**ب. فەرشی** باس لەوە دکرێ موسیقای کوردی لە کوردستانی ئێران و عێراق بەرە و پێشەوە چووە لە رۆژهەڵات ناوی چەند گروپی موسیقا یا کەسانێك دێنن کە کاری موسیقا ئەکەن یا خۆ لە باشور زۆر گروپی موسیقا لە شارەکان هەن سەرەڕای ئەوانە بۆچوونتان هەر ئەوەیە کە فەرمووتان ؟

**م. خالقی** کورد ئەوەندە میللەتێکی زیندووە لە پێشدا باسم کرد ئەم میللەتە ئەوندە پڕ هەستە لە هیچ کاتێك لە مێژووی خۆیدا دیومانە هەمیشە لە شەڕو کێ بەرکێ دابوە لە هیچ کاتێدا گۆرانی و فولکلوری خۆی بە هیچ شێوەێك لە دەست نەداوە و بەپیچەوانە لە هەر حاڵەتێکدا شتێکی نوێی بۆ خۆی داناوە ئەگەر سەیر بکەین زۆر بە ڕاحەتی ئەتوانین بڵێین کە ئەم میللەتە لە ئێستادا خەریکی دروستکردنی شتێکە, خەریکی دروست کردنی چەشنێك موسیقا, چەشنێك هونەرە کە لە گەڵ زەمانی خۆیدا ئەمرۆ بگونجێ, ئەگەر وابیرکەینەوە بەڵێ ڕاستە بەڵام ئەگەر بیری ئەوە بکەینەوە میللەتێکی دامەزراو و دامرکاو میللەتێکی خاون وڵات و خاوەن دەستەڵات, دانیشتوە لە سەر فەرهەنگ وموسیقاو کولتوری خۆی وئیش دەکا, تا چ ڕادەیەك ئەیباتە بەرەوە ؟ ئەگەر ئەوە بێ ئەوەمان نییە بە داخە وە. ئەوەیە کە ئەتوانێ پەرە بە موسیقای کوردی بدات! ئەوە کە فلان جەوان, فلان گەنج شتێك ئەزانێت و شتێك لە باری موسیقاوە فێر بووە و ئەمڕۆ ئەیخاتە سەر کاسێت و بڵاوی دەکاتەوە و کۆنسێرت ئەدا لەم لاو ئەولا, ئەمە بەس زاتی ئەو گەنجە یا ئەوگروپەیە! بەڵام ئایا بەرهەمەکەی کە گوێمان لێبووە





ئەو بەرهەمەیە کە لێی ڕازی بین بڵێین ئەو بەرهەمەیە کە میللەتێك پێشکەشی دەکا؟ نە لە ناو خۆمان بەڵکو بچێتە بەردەستی میللەتانی تریش گوێی لێڕاگرن! ئەوەیە ؟ ئەگەر لە من ئەپرسی ئەڵێم نا بە داخەوە! ئەمە تەنیا تەقەلایێکە, حەرەکەتێکە بۆ زیندوومانەوە! کە ئەوەش لە زاتی میللەتی کورددایە. ئەو حەرەکەتەی هەمووکات هەبووە کە نەیهێشتوە موسیقای خۆی بفەوتێ. لە کاتێکدا لە هەموو ئێراندا موسیقا قەدەغەیە لە سەر رادیۆ سنە و مەهاباد موسیقای کوردی لیئەدەن لە بەرچی؟ لە بەر ئەوە میللەتەکە لێیان هەڵنەچێ! میللەتەکە لێیان قەبوڵ ناکا! ئەوان لە ترسی خۆیان ئیزنی ئەدەن! بەڵام ئایا ئەو موسیقایە کافییە بۆ ئەوەی میللەتی کورد لە سەدەی بیست و بیست و یەکدا هەیبێت ؟ ئەگەر پرسیار ئەمەیە نا. ئەمە ئەوە نییە کە ئەبێ بیبێت, ئەمە کاوێژی ڕابوردووە. شتێکی ساکارە بۆ مەشغولکردنی میللەتەکە.

**ب. فەرشی** هەروەك ئەزانن لە 10 , 15 ساڵی ڕابوردودا هێندێك تێکەڵاوی موسیقای کوردی و ئوروپی بە شێوەێکی با بڵێین ناشیانە پەرەی ساندوە کەسانێك هەن ئەمەیان پێخۆشە بۆ چوونتان لە سەر ئەمە چییە؟

**م. خالقی** من باسی ئەوەم کرد موسیقای کوردی یەکێك لە دەوڵەمەندترین فەرهەنگە لە جیهاندا! مانای ئەوەیە تۆ لە چوارچێوەی موسیقای کوردیدا ئەتوانی ئوپیرایکت هەبێ ئەتوانی سەمفۆنییەکت هەبێ. لە گەڵ ئەوشدا موسیقا وەکو زمان حەرەکەت دەکا, لە گەڵ ژیانی خەڵکا. ئەگەر دوێنێ بە تەنبور و دەفەوە بوو, ئەمرۆ کە وەسایلی ئەلکترۆنیکی هاتۆتە گۆڕێ دیارە ئەبێ خۆی لە گەڵ کەرەسەی ئە لکترۆنیکی بگونجێنیت. ئێمە بەیس و مەبنای ئەوەمان هەیە کە خۆمان لە گەڵ موسیقای پاپ و جاز بگونجێنین! بەڵام ئەگەر تا ئیستا نەگونجاوە بە ڕیکی نەگونجاوە یا نەمانتوانیوە ببینە ریزی وڵاتانی پیشکەوتوو ئەوە وتم هی کەم دەستەڵاتی میللەتەکەمانە! بەڵام من داهاتوێکی زۆر زۆر باش و روون و زۆر زۆر بەرز ئەبینم بۆ موسیقای کوردی لە سەتحی ناوچە و جیهاندا. بەڵام بە شەرتێك ئێمە ببین بە خاوەنی ڕاستە و خۆی کەلەپوری خۆمان! خاوەنی دەستەڵاتی میللەتەکەی خۆمان ببین! بە قەوەت و هێزێك وەکو میللەتێك! ئەگەر ئەوە بین ئەوە دەریاێکمان هەیە کە ئەتوانین کەڵکی لێوەرگرین و لە گەڵ موسیقای مودیرن زۆر بە چاکی زۆر بەڕێکی پێشکەشی بکەین.

**ب. فەرشی** با بێینەوە سەر خۆتان! ماموستا خالقی ئێوە سەبکێکی تایبەتیتان هەیە لە گۆرانی وتندا هێندێك باسی کارەکەی خۆتان بکەن لە نەزەر خۆتانەوە جێگەی ئەم سەبکە لە موسیقای کوردیدا چۆنە ؟

**م. خالقی** ڕاستە و خۆ ئەبی بڵێین کە هەر کەسێك هەر موسیقارێك هەر گۆرانیبێژێك سەبکێکی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو سەبکە تایبەتیە لە هەست و لێهاتووی ئەو کەسە, لە زانیاری و دەستەڵاتی ئەو کەسە , بۆ هونەرو کولتورسەرچاوە دەگرێ, لە بەر ئەوە من خۆم بیرئەکەمەوە ئەبێت دوای ئەو هەموو ساڵە 35 ساڵ تاقیکردنەوە رێبازێکی تایبەتم هەبێت بۆ ئەمەش لێکۆلینەوەێکی زۆرم لە سەر کولتور و موسیقا ی کوردی کردوە, توانیومە یا خۆم ڕازی کردوە سەبکێکی تایبەت بدۆزمەوە کە خۆم حەزی لێدەکەم وجێگەی دەنگم بێت و قودرەتی دەنگم بێت و توانایم تێدا هەبێت هەم لە ناحیەی شیعرەوە هەم لە ناحیەی فولکلۆرەوە بتوانم دایچەسپێنم . من بە ڕاستی بەس ئەو گۆرانیانەم هەڵبژاردوە یا ئەو گۆرانیانەم داناوە کە لە ناوخەڵکا خەریك بوون لە ناو ئەچوون . یا فولکلۆرەکان کە بۆ وێنە 100 ساڵ لە مەوبەرەوە کەمتر کەس ئەیزانی. یەکێك لە مەبەستەکان ئەوە بوو ئەم گۆرانییە لە فلان دێ لەفلان پیرەمیرد لە فلان حاجی لە فلان شێخ و ماموستا وەربگیرێ ئەگەر شێوەێکی عیرفانی هەیە ئەگەر شێوەێکی غرامی هەیە بیڵێمەوە. لە گەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەك بێت کە لە ناحیەی شیعر و لە ناحیەی وەزن و لە ناحیەی ریتمی موسیقاشەوە جۆر بێت. بە لای منەوە ئەوانە مەسەلەن باس دەکەن کاکە بۆچی ئەوە دووساڵە سێ ساڵە هیچت نییە؟ بەڕاستی بۆ یەك گۆرانی پیاو دەستکەم ئەبێ سالێك شەش مانگ ئیش بکا جا ئەگەر کاسێتێك 10 گۆرانی تێدایە مانای ئەوە نییە دەساڵ ئیشی بۆبکا بەڵام سالێك ساڵ و نیوێك ئەبێ ئیشی بۆ بکا ئەوەیە ئەو سەبکە کە ئەلێیت . کە هەلبژاردنی گۆرانی هەڵبژاردنی موسیقا و ریتمە . ئەمانە لە گەڵ ئەوەی خۆت ئەتەوێ چ بکەی. ئەتەوێ گۆرانی غە رامی بڵێیت! گۆرانی هە ڵپەرکێ بڵێیت! گۆرانی عیرفانی بڵێیت! ئەوەی ئێوە باسی دەکەن شتێکە کە خۆم هەڵمبژاردوە کە ئەو هەوایانە ئەو گۆرانیانە کە لە گەڵ دەنگی مندا بێتەوە یا من ئەتوانم جوان بیڵێم یا دروست بیڵێم یا ئەگەر کەسانی تر وتویانە و بۆ وێنە فولکلۆرە کە تەوفیری

هەیە من چاکتر بیڵێمەوە هەروەك کوتم من ئەوگۆرانیانەم لە کانگای سەرەکیەوە بیستوەجا ئەگەر فلان گۆرانیبێژ وتویەتەوە تەوفیری لە گەڵ ئەسڵەکە هەیە دوای لێکۆلینەوە سەعیم کردوە دیسان بیڵێمەوە ئیتر باقی ئەکەوێتە سەر ئەوەی کە چەشنی حەنجەرە و دەنگ و سروشتی هەر کەسێك جۆن بێت.

**ب. فەرشی** کاك مەزهەر جگە لە خزمەتکردن بە گۆرانی کوردی خزمەتی تریشتان بە کولتور و تۆرەی کوردی هەبووە حەز دەکەم باسی ئەوەش بفەرموون.

**م. خالقی** وەکو چی خۆم شتێك نابینم.

**ب. فەرشی** سەردەمێك ئێوە لە ڕادیو تەلەوزیونی سنە بوون پاشان لە ڕادیو و تەلەوزیونی کرماشان بەرپرس بوون ئەوانە هەمووی لە گەڵ خۆی بەشێکی گەورەی خزمەتی فەرهەنگی بۆ کورد تێدا بوو و بەداخەوە تا ئێستا لە هیچ شوێنێك باسی نەکراوە .

**م. خالقی** زۆر سپاس ئەزانم چی ئەڵێی عەرزبێ من لە ئەسڵدا بۆ خۆم دەبیر بووم یانی ماموستای قوتابخانەی ناوەندی بووم, من لە ڕاستیدا حەزم دەکرد بەوەی کە ئەگەر ئیشێك لە داهاتوودا ئەگرم ئیشی ماموستایی بێت. لە بەر ئەوە هەستم کردوە بەوەی کە ماموستای قوتابخانە، زانستگا و هەر مەکتەبێك شەخسیەتێکی سەربەخۆ ی هەیەکە تۆ ئەچیتە سەر کەلاسێك دەرس ئەڵێیتەوە دەرگا کە دائەخەی خۆت ڕییسی خۆتی کەس لە سەر سەرت نییە. ئەوەی کە ئەیلێیت خزمەتێکی مرۆڤانەیە من هەمیشە حەزم دەکرد وەك ماموستایەك دەرس بڵێمەوە, هەر واش بوو. لە سەرەتای ژیانمەوە بەوە دەستم پێکرد. بەڵام لە بەرەوە لە تەنیشت ئیشەکەمەوە کاری گۆرانی و موسیقام ئەکرد. وەك بیرەوەریێك ئەیلێمەوە ڕەنگە بە کەڵکی بڵاوکردنەوەش بێت , لە تاران دەرسم ئەوتەوە لە بەر ئەوەی دەرسی فیزیا و ڕیازی هێندێك قورس بوو لە بەینی سەعاتدا 5 , 6 دەقیقە لێدەگەڕام ئەو خەڵکە پشوویەك بدات. ڕۆژێك لە ڕۆژان سەیرم کرد دەنگی گۆرانییەکانی من دێت باش کە گویم گرت لە سەروینی کەلاسەکە قەوانی من لیئەدەن پاشان وتم ئەمەتان بۆ هێناوە؟ وتیان ئاغا ئەمە مودیلی گۆرانی تۆیە حەز دەکەین کە ماموستاکەمان دەنگی خۆشە و خۆش ئەڵێت و حەز دەکەین گویمان لێبێت . من ئەو دەمە تێگەیشتم کە من ئیتر ناتوانم لە سەر کەلاس لە گەڵ ئەو منالانە جیدی ئیش بکەم. ناچار لەوێ هاتمە دەرێ و چووم بۆ رادیۆ و تەلەوزیون لە بەر ئەوەی لەویش دیسان دەتوانی بەشێکی تری لە فەرهەنگ و کولتوری کوردی بخاتە بەر دەستی خەڵکەوە .

ئەمە بوو لە ئەولین ماوەدا چووم بۆ ناوچەی کوردستان لە کرماشان دابەزیم یەکەم کارم ئەوە بوو ناوەندێکی هونەری شانۆ و موسیقای کوردی دابنێم, کە ئەو ناوەندە حەتتا ئەیتوانی سازی کوردی وەکو تەنبور دروست بکا, لێرە توانیمان خزمەت بە گۆرانی و موسیقاو هەڵپەرکێ و کولتوری کوردی بکەین. کە خۆم زۆر ڕازیم مرۆڤ ماوەێکی کەم ئەژی ئەوەی بە دەست خەڵکەوە ئەمێنێتەوە هەر ئەو شریت و نەوارانەیە . بەڵام ئەوە بە لای منەوە بەس نییە ئەگەر پیاو بتوانێ بنکەیەك دابنێت و چوارکەس وەك خۆی یان باتر لە خۆی باربێنێت خزمەتێکی زیاتر بکەن و پەرەی پێبدەن لە داهاتودا ئەوە زۆرتر گرینگە. من ئەوڵین بنکەی فەرهەنگ و فولکلوری کوردیم لە کرماشان دانا بەو هیوایە لە هەموو کوردستان پەرەی پێبدەین بە داخەوە ئیتر ماوەیەکی وامان نەبوو. بەڵام هەر لەو ماوەشدا خزمەتی زۆر کرا. هیوادارم ڕۆژیکی تر بگەڕێینە وەوڵات بتوانین بە شێوەیکی زیاتر و ڕاستە و خۆتر لەو بنکانە دروست بکەین بۆ ڕاهینانی لاوەکان بۆ پەرە پێدانی فەرهەنگ و فولکلوری کوردی و بۆ لێکۆلینەوەی زۆرتر تا لەم ڕێگەوە خزمەتی زۆرتر بکەین.

**ب. فەرشی** زۆرسپاس ماموستا مەزهەری خالقی بۆ ئەم ماوەیە کە توانیمان لە گەڵتان قسە بکەین.

**م. خالقی** تکایە زۆرسپاس بۆ ئێوەش !

*ئەم وتووێژە دوای کونسیرتی[1] کاك مەزهەری خالقی لە شاری بۆن لە 23 ی دسامبری 1994 لە ڕێگای تەلەفونەوە لە نێوان کۆڵن و فرانکفۆرتدا پێك هات.

[1]- ئەم کۆنسێرتە لە لایەن نووسەری ئەم دێرانە و خوشکە زای کاك مەزهەرەوە ڕێک خرابوو، وێژەرانی بەرنامەکە گەوهەر فەرشی و برایم فەرشی بوون.



# کامکارە کان

کامکارەکان بەناوبانگترین گروپی موسیقای ئەمڕۆ لە ئێران و کوردستانن.
ئەندامانی تیپەکە بریتین لە :
دوکتورهوشەنگ کامکار پرۆفیسوری زانستگا و ڕابەری ئورکستر سەمفۆنیکی تاران وبەرپرسی تیپی کامکار
قەشەنگ کامکار
بیژەن کامکار
پەشنگ کامکار
ئەرژەنگ کامکار
ئەرسەلان کامکار
ئەردەوان کامکار
ئەردە شیر کامکار
هەروەها ئومید لوتفی کوری قەشەنگ خانم و کوڕی محەممەد ڕەزا لوتفی موسیقاژەنی بەناوبانگی فارس.

کامکارەکان یان دەرچووی زانستگا لە بەشی موسیقان یا لە لای پایەبەرزترین ماموستایانی موسیقا لە ئێران دەرسی موسیقایان خوێندووە.

قەشنگ خانم جگە لە ژەندنی موسیقا گۆرانی بیژیش بووە بەڵام لە ساڵی 1979وە وەك ژن ئیزنی گۆرانی چڕینی نییە . گۆرانیبیژی گروپەکە بیژەنی کامکارە . هەرکام لە کامکارەکان چەند ئامێری موسیقی ئەژەنن.

ساڵێ چەند جار بۆ گێرانی کۆنسێرت سەردانی ئوروپا و ئامریکا دەکەن . هەرچەند پیشتر کاری کوردیان کەم ئەکرد بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا زۆرترین کارەکانیان موسیقای کوردی بووە . ئەم گفت و گۆیە لە شاری کۆڵن پێك هات و بەزمانی ئاڵمانی لە گۆواری »کوردستان هۆیتە« دا بڵاو بۆتەوە!

15.5.1995



# بیژەن کامکار

**ب. فەرشی** تیپی موسیقای کامکار لە مێژ ساڵە ناوێکی ناسیاوە لە موسیقای کوردی و فارسیدا ئەکرێ بفەرموون موسیقا لە بنەماڵەی کامکاردا لە کەیەوە دەستی پێکردووە؟

**ب. کامکار** گشت براگەلە و خوشکمان لە منالّیەوە واردی موسیقی بووین. بەخاتر ئەوە باوکمان حەسەن کامکار کاری موسیقای ئەکرد. چوونکە لەو زەمان لە کوردستانا هیچ چەشنە ئاکادیمی یا کەلاسی موسیقا وجودی نەبوو. بەخاتر عشق بە موسیقا پەنای بردە بەر جێیەك کە تەنیا شوێن بوو کە نەوای موسیقی تێدا بووئەویش موزیك نیزام بوو! ساڵها سازگەلی بادی لیئەداپاشان ئەفسەریك لە تارانەوە دێت بۆ سنە کە ویۆلۆنی ئەزانی لەم ئەفسەرەوە فێر ویلۆن دەبێت , یەك دەورەی کورتیش لەلای ئەبولحەسەنی سەبا یەکێك لە ماموستایانی موسیقای ئێران, ویۆلۆن و رەدیف گەلی سەبا و سەبکی سەبای کار کرد. لە ماڵەوە هەرلە یەك ساڵی دووساڵییەوە موسیقی لە گویچکەماندا بووگە, موسیقی فرە باز و ئازاد, لەم رێگەوە ئێمە مەیلمان بە موسیقی پەیداکرد. حەتتا لە لەحزەگەلێکدا موسیقی لەبنەماڵەی ئێمەدا بۆتە تەعەسوب ئەسڵەن تەعەسوبمان هەست, شتێك سەرەڕای عشق و عاتفە و مارفەت, شتێك سەرتر لە وانە, هێندیك جار ئەگەر کفر نەبێ بە شۆخی ئێژین بووگە بە مەزهەب, چوون باوەڕمان هەست کە سازەندەست, لەم دنیا تێکەل پیکەل و پڕ لە تەکنەلۆژی و هەرا و هوریا و دوکەڵ و پیساییدا فکر بازدەکا, دونیا عەتراوی دەکا, زەریفی دەکا, شیرینی دەکا.

هەر وەکو کە گوتم گشتمان لە منالیەوە دەستمان پێکردوە, هەستی عاتفی ئاغام هانی داین, ماموستای گشتمان باوکم بووگە . باوکم بووکە سازی دا دەستمانەوە . دوایە یەکە یەکەی منالّەکان لە جێگەی جیا جیا درێژە یاندا بە شێوەی زانستی, بۆ وێنە هوشەنگ لە سانتا شیلیای رۆم و دانشگای برکلی ئامریکا هەتا گرتنی دوکتورای موسیقا درێژەی دا, پەشەنگ و خۆم لیسانسی موسیقای دانشگای هونەرە جوانەکانی تارانین, ئەرسەلان خویندکاری دانشگای هونەرە جوانە کان بوو بەڵام دوای شورش 1979 دانشگا بەسترا ئێتر نەیتوانی درێژە بدا, منالّەکان گشتیان ئەردەشیر و ئەوان لە گەڵ ماموستابەرزە کانی موسیقای ئێران کاریان کردوە.

حەز ئەکەم ئەمە بێژم بە قەول منالّەکان ئێژن, مۆری تیپی کامکار موسیقای کوردیە حەتتا ئەگەر موسیقای زانستی جیهانیان خوێندبێت وەك هوشەنگ و ئەرسەلان کارەکەیان مۆری موسیقای کوردی پێوەیە,دەڵیلی ئەوەیە تەواو هەست و مارفەت و زانستی خۆمان لە کوردستانەوە ئەزانین! ئەگەر کەم لوتفی بە ماموستا گەل تاران نەبێ یا حوزوری هوشەنگ لە ئەمریکا بەم تەلاشانە کە کردومانە بەڕاستی هەستی سەرەکی ئێمە مارفەتی سەرەکی ئێمە لە کوردستانەوەیە. لە کارگەلیشماندا نیشان ئەدا وەختێك موسیقای کوردی پێشکەش ئەکەین ئەو پەڕی کاری ئێمەیە ئەلبەتە ئەگەر ئەو پەڕی هەبێت. کاری ئێمە ئەگەر بایخێکی هەبێ ئەوە وەختێکە کە خەریکین کاری کوردی پێشکەش دەکەین . چ لە کارگەلی هوشەنگدا چ سەمفونیگەلێك کە دروستی کردگە وەك بەهارانی ئابیدەر وکارێك کە بە زووی ڕەنگە لە سوئید پێشکەش کرێ, لە تاران پێشکەش کراوە بە ڕابەرایەتی توماس کریستیان داوید لە تەك ئورکستر سەمفونیکی تاران بە ناوی کوهسار کە لە سەر میلۆدی »لەرزان لەرزانە« دروستکراوە و فرە کارگەلی تر بە یادی سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی, کامکارها یا ئەمە بە یاد ماموستا عەلی مەردان گشتی کارگەل موسیقی کوردیە.

**ب. فەرشی** ئایا لە بیرتانە موزیك نیزام چ سالێك دروست بووە؟

**ب. کامکار** ساڵی 1325 (1946)لە موزیك نیزام بووە , دوایە لەرادیۆ, دوایە لە فەرهەنگ و هونەر, دوایە تەلەوزیون لە گەڵ گشتیان هاوکاری بووگە لە کوردستان .

**ب. فەرشی** جگە لە مەرحوم باوکتان کەسانی تر هەبوون لە موزیك نیزام کاری کوردیان کردبێ؟

**ب. کامکار** بەڵێ لە کەنار ئاغام فرە کەسگەل بوون کە ماموستای یەکەمیان هەرباوکم بووگە, حەسەن وحوسین یوسف زەمانی کە دوایە پێکهینەری ئورکستر سەموفۆنیك ئێران بوون, ئاغای حەدادی, ئاغای گریشا میکائیل زادە عەبباس رەنگ ئامیز, ئاغای عەدیمی, مەدەنی فەر

**ب. فەرشی** ئەوانە گشتیان کورد بوون ؟

**ب. کامکار** بەڵی گشتیان کورد بوون .

**ب. فەرشی** وەك ئیوە باس دەکەن سنە لە 50 ,60 ساڵی ڕابوردودا موسیقای بەرزی هەبووە, شارێکی تایبەت بووە بۆ موسیقا, ئایا ئەوە مێژووی کۆن و دورتری هەیە یا هەر دەگەرێتەوە بۆ ئەو 50 , 60ساڵەی رابوردو؟

**ب. کامکار** موسیقای سوننەتی بە شێوەی تیپی ناوچەیی گەڕۆك دوزلە, دنبك، دایرە, نەرمەنای لە تەك دەهۆڵ و زوڕنا ڕەنگە سەدەها و یا هەزاران ساڵە وجودی هەیە, گۆڕینی پەیدا کردگە و بە شێوەی جورا جور هەمیشە وجودی بووگە. سازگەل کە بە کاربریاوە وەك شمشاڵ نەی ئاسنی, لە کرماشان تەنبور ئەهلی حەق گەل, دوزەلە و زوڕنا, شمشاڵ و نەرمە نەی, دەهۆڵ دایرە و زەرب هەبووە. وەلی بەکارهێنانی سازگەل تر بە قەولی خۆم متالیك و رێك و پێککراو وەك تار و سەنتور و کەمانچە ئەمانە من خۆم 100 ساڵ تا 150 ساڵ مێژووم بۆیان هەس. بۆ ئەمە ئیشارە ئەکەم بە کارگەل سەیدعەلی ئەسغەر کوردستانی کە لە تەك کەمانچە وتار وسێتار و نەی پێشکەش کراوە. بەلانی کەمەوە 150 ساڵە لەم سازگەلە کەڵك وەردەگیرێ حەتتا لە ناوموسیقای ناوچەکەدا کەڵکی لێوەرگیراوە فرە کەس بووگە کە تار و کەمانچەیان لێئەدا, ئەلان من ناوەکانم نییە . حەتتا لە ناوچەی لورستان کە زاراوەیەکی کوردیە کەمانچە بووگەسە سازی میللی ناوچەکە , یا تەنبور ئەهلی حەق هەمیشە لە موسیقادا جێگەی بووگە. ئەوەی بۆ خۆم ڕۆشن بێت زۆرتر لە 150 ساڵ نییە ئەوەش بە نیشان و گوای سەیدعەلی ئەسغەر کوردستانی ئێژم کە تار و سەنتور ئیستفادە کریاوە. ئەمە موسیقای شارییە من ئێژم موسیقای شاری موسیقای شاری کە حس و چەشنی پێشکەشکردنی وشێوەی گووتنی بە گشتی فەرق ئەکا لەتەك موسیقای روستایی و موسیقای سونەتی و بومی.

موسیقای شاری سنە ئەگەر بە اغراقەوە قسە بکەم بە حوزوری باوکم لە 50 ساڵ لە مەوبەر دەستی پێکردگە و بە هاوکاری هاورێگەلێك بووگە کە شاگردی خۆی بوون, بە لانی کەمەوە ئەو دووسێ کەسە حەتمەن لای باوکم دەرسیان خوێندوەو کاریان کردگە, زەمانێك ئاغام لە کوردستان سێ دەستە ئورکستری بووگە, یەك دەستە گەورە ساڵ, دەستەی منالْ و دەستەی ژنان یانی گشتی ژن بوون تا ئەم دەرجە عشقی بوو کاری دەکرد. بە شوێن ئەم کارانە ئەو زەمانە 22 ساڵ لە مەوبەر دوای تاران دوهەمین دانشسرای هونەر لە سەراسەری ئێراندا لە کوردستان پێك هات کە لە تارانیشەوە هێندێك لیسانسەی موسیقا وەك ئاغای فەخیمی و دوایە خودی ئێمە لینە دەرسمان دەوتەوە ئەمە زۆر بە کورتی.


**ب. فەرشی** باستان لەم سێ دەستە کرد ئایا کەسانێك درێژەیاندا , بەتایبەت دەستەی ژنان؟

**ب. کامکار** لە دەستەی ژنان بە داخەوە ئەوان ئیدامەیان نەدا بە تایبەت دوایە کەوتە شۆرشی ئێران . لە شۆرشی ئیران ژنگەل کەمێك مەحدود بوون. بە تایبەت لە زەمینەی گۆرانی بێژیدا درێژەیان نەدا! قەشەنگ خوشك من و دووسێ خانم تر موسیقایان درێژەدا بەڵام نە بەچەشنی حرفەیی, بێن کار بکەن! بەڵام گروە ئاغایان فرە موزیسین گەلیان بە شێوەی پروفیسیوناڵ درێژەیان پێدا وەك بنەماڵەی عەندەلیبی جەلیل و جەمشید وەك سەعید فەرج پوری, ئەردەشیر فەهیمی ئەلان نییە لە زەینما, فرەیان دێیژە یاندا!

**ب. فەرشی** ئەو گۆرانی بێژانەی کە ئەو زەمان باوکت کاری موسیقای لە تەکیانا کردوە لە سنە کێ بوون؟

**ب. کامکار** فرە گۆرانی بێژگەل خود شاری سنە بوون کاریان لە گەڵ ئاغام کردوە وەك ئاغای نۆبەری, سالح زەهیری, حوسین شگرف, حوسین شەریفی, عەبباس کەمەندی. لە گۆرانی بێژگەل قە دیمی وەك ئاغای غولامی رۆمی, ئاغای مەزهەر خالقی, ئاغای نەورۆزی , لە ناو ژنگەلا خانم فەتانەی وەلیدی و فرەکەس تر کە لە بیرم نییە, گۆرانیبێژگەلیکیش بوون ئێمە بە شۆخی ئەمانوت گۆرانیبێژگەل سەیار یانی دایم لە تاران و کرماشان و سنە بوون وەك کاك حەسەن زیرەك, حەسەن زیرەك فرە کارگەلی لە تەك ئاغام تومارکرد حەسەن زیرەك و گۆرانی بێژی تر ئەهاتن و ئەچوون وەك کاك حەمەی مامڵێ, کاك سەدیق زوهەری, مەرحوم خەلیل سەدیقی ئەمانە ئەهاتنە سنە. لەو زەمانە یەکێك لە ئارەزووگەلمان ئەوە بوو فرە حەزمان ئەکرد پێوەندیمان لە تەك کوردستان عێراق هەبێ وله گۆرانیبێژ ئینەچە کەڵك وەرگرین وەك ماموستا عەلی مەردان حەزمان ئەکرد پێوەندیمان هەبێ. وەلی بە قەولی ئەو زەمان ئەیانوت دیوار ئاهەنین, دیواری ئاسن بەین کوردستان ئێران و عێراق





کێشرا بوو لە دەورەی شا. ئەم پێوەندیە نەبوو بە هەرحاڵ کار مەحدود بە گۆرانی بێژانی ئێران بوو.

**ب. فەرشی** لێرەوە گەرەکمە بچینە سەر مێژووی موسیقای کوردی, ئێژن میللەتی کورد 6000ساڵ فەرهەنگی هەس, حەز دەکەم بزانم موسیقا چ دەورێکی لەم 6000 ساڵ فەرهەنگەدا بووگە؟

**ب. کامکار** بەداخەوە لێرە لەم ناوچەیە تەنیا مەسەلەی کوردستان نییە , بە ڵکوبە تەواوی گشت ئاسیا, چوون خەت و نۆت نووسین باو نەبووگە, وەك ئەمرۆش ئیمکانات تۆمارکردن و وێنەگرتن نەبووە کە شتێك تۆمار بکرێ. هیچ شتێك بە سەبت نەگەیگە, نە تەنیا موسیقی کوردی موسیقی ئێران, بۆ وێنە شتێك کە بایخی هەبێت نییە ڕەنگە شت گەل وردو بچکۆلەیان هەبێ بەڵام شتی سەبت کریاو و بایخداریان نییە تەنیا نیشان گەل و شایەت هەیە! قسەیەك کەمن ئەلان بیکەم بە بێ نیشان و شایەت کە وجودی هەیە بۆوێنە ئەتوانم دەست بۆ موسیقای هەورامی رادێرم, <u>موسیقای هەورامان هورە ئەسڵەن یانی ئاوازی ئەهورایی, ئاوازگەلێك ڕەنگە کۆنتر لە "گات و مسوریکۆی" ئوروپا بێت, فرە کۆنتر لە وانە کە مێژووی گەورەێکیان هەس .ئەسڵەن حوزوری دوو سەدایی و چەند کەسی خوێندن لە هەوراماندا نیشانەیەك ئەدا لە چەشنێك هارمونی, لە چەشنێك هاوئاهەنگی لە ڕابوردودا, بێ دەلیل نییە دووسێ گۆرانیبێژ هەورامی دادەنیشن هەرکامیان لە تونێکدا وەك مودلاسیون, حالەت مودلاسیون پێکەوە دەخوێنن, ئەمە لەخورا و بە هەڵکەوت نییە . حەتمەن ریشەی هەیە لە یەك موسیقی خاوەن هارمۆنی لە ڕابوردودا. بەڵام بە داخەوە بە هۆی پچڕان پەیوەندی مێژوویی, ناکرێ باسی کرێ من ئیستا زانیاری مێژوویی تایبەتیم نییە</u> .

هێژش گەل مختەلف کە بەم ناوچەیە کریاوە بۆتە هۆی پچڕانی پەیوەندی و نەبوونی خەتی موسیقا (نوت نووسی) لە ناوچە, نەیهیشتوە شتێك بە یادگار بمێنێ . بەڵام میلۆدی ئەسل و خاوین و پاك ئێمە نیشانەیکە لە مێژوو! وەختێك لە جێگەیەك هیچ چەشنە نیشانەیەك و بەرهەمێك نییە, خودی میلۆدی خودی نەغمە هاوار دەکا چ مێژوویەکی هەیە. وەك هۆرەی هەورامان. هەورامان هەمیشە دەست نەخوردە ماوەتەوە, دەڵیلی چییە؟ ئەوەسە هاوساکانی گشتی کوردن! هاوسای سنە کە خۆم خەڵکی سنەم هەمەدان و بیجارن و ئەمانەفارس و ترک زمانن. هاوسای کوردی عێراق, عەرەبە هاوسای کوردی تورکیا, تورکە هەورامان چوون دەورو بەری گشتی کورد بووگە پاك تر و دەست لێنە دراوتر ماگە. یەوەخت فکر نەکەن تەعەسب شەخسیم هەیە هەورامان بەڕاستی پاك تر ماوە تەوە. لە بان موسیقیەوە فرە ئەتوانین وێنە ببینەوە کە چەنێك ریشەی مێژوویی هەس!

**ب. فەرشی** هەروەك ئەزانن کورد دەوڵەت و حکومەتی خۆی نەبووە تا لەم رێگەوە فەرهەنگی خوی پەرە پێبدا. بەڵام لە ناو کورددا چەشنێك گوتنی موسیقایی هەبووە کە گێرانەوەی هەم مێژوووە هەم خۆشەویستی و هەم گشت ئەوشتانەیە کە پێوەندی بە ژیانی مرۆڤی کوردەوە هەبووە وەك لاوك, بەیت, حەیران, ئەوانە لە ناو موسیقای کوردیدا چ جێگەیەکیان هەیە ئایا بۆ کۆنی وەك هورەئەبن؟

**ب. کامکار** من بەیت خوانی و تەواو موسیقای عیرفانی کە لە خانەقا پێشکەش ئەکریا هورە هەموو چەشنە موسیقای کوردیم ژنەفتگە بەڵام بەداخەوە ئاگاداری تەواو و کەماڵم نییە کە بە ڕاشکاوی تەواو بێژم بە کۆنی موسیقای هەورامیە, بەڵام بەیت خوانی بەلانی کەمەوە وەك بۆ خودی من رۆشنە 200 ساڵ ئەتوانین مێژووی بۆ دابنین, بەڵام ئەوە بە کۆنی هورەیە من نازانم!

بەداخەوە لەم بارەوە زانیاریم تەواو نییە بەڵام وەختێك ئاوا نووسی ئەکرێ وەختێك بەرابەری دەکرێ ئەتوانین بە ریشەی هاوبەش بگەن!

**ب. فەرشی** لەم پێوەندیەدا موسیقای کوردی چۆن دابەش ئەکرێ موسیقای کوردی چەن جۆرە ؟

**ب. کامکار** جارێکی تر ئەم پرسیار کریا, من کارم بە سەر ئەم دابەش کردنەوە نییە موسیقای سەنندەجی لە تەك سولەیمانی یا سولەیمانی لە تەك شارەزور من کارم بەم ئوستروکتورە فەرهەنگیە نییە, من بەش کردنی موسیقایم مەنزورە .

ئەمە بە خاتری سەلیقەی جوراجورە من هەمیشە ئەم میسالە لێئەدەم ئێژم دوو دانە جێ قامك وەك یەك نییە, دوودانە زەوق و سەلیقە و پەسەندیش وەك یەك نییە, تۆ دوودانە کەس پەیدا ناکەی یەك ئەندیشە, بیری قەبوڵ بێ بەڕاستی لە قوڵایی دڵەوە قەبوڵی بێ, لە موسیقاشدا هەروایە موسیقای جوراجور پێك دێ بە خاتر سەلیقەگەل جوراجور, بۆ وێنە ئێژم وەك میسال من مەزهەبیم خولقەتەن بە پێی حەدس و مارفەتی مەزهەبیم ناتوانم موسیقای بەزمی

گویچکە دەم . موسیقای بەزمی قەبوڵ ناکەم ئەرۆم موسیقای خانەقا گوێ ئەگرم, ئەرۆمە ناو تەکیە دادەنیشم بە دەفە دەست دەکەم بە موسیقای خانەقایی گوێ گرتن, خودی موسیقای خانەقایی هەیەجانی زۆرترە بۆ هاوئاهەنگ کردنی کەسانێك کە بەیەکەوە موسیقای خانەقایی گوێ ئەگرن, بە تایبەت دەف و شمشاڵ و لە لای ئەهلی حەق تەنبور کە پێکەوە موسیقای تایبەتی خۆیان گوێ ئەگرن و بە قەولی مەعروف حاڵ دەکەن! موسیقی گەلی سوننەتی سەقزی, بانەیی, مەریوانی موسیقی جافی کە لە مەجلیسی شادی و زەماوەند هاوڕێ لە گەڵ دوزەلە و شمشاڵ و دەهوڵ و زوڕنا هەیە. هەروها موسیقای ڕەزمی شمان بووگە وەك دوو تەپڵە لە کاتی شەڕدا کەڵکیان لێوەرگرتووە, دوودانە تەپڵ یەك بچووك و یەك گەورە, نەقارە خوان شێعرگەل جوراجوری هەست و نازانم ئێوە خۆتان لە فیکرتان بێت ئێستا نەماوە زەمان زوو خۆم لە فکرمە کە منداڵ بووم نەقارەیان لیئەدا, موسیقای ڕاگەیاندن کە بۆ رۆژگەل مانگ ڕەمەزان, بۆ بانگ و پارشێو, ئەچوونە بەرزترین شوێنی شار و نەقارەیان لیئەدا. موسیقای ئاگادارکردن خەوەربردن, موسیقای ڕەزمی، موسیقای بەزمی زەماوەند و شادی جورگەل موسیقا بوون لە گەڵ موسیقای مەزهەبی, موسیقای منداڵانە, موسیقای منداڵان کەم بوە, لە جێگەیەك وتم نییە چەند کەسێك بەرەنگاریان کرد وتیان لە سوئید کەسێك کردویە, ئەوە فرە بچکولە و فەقیرانەیە لەبەرابەر کوردستاندا! موسیقای منداڵان مەبەست لایەلایە نییە, ئەوە هەیە کە بە هەستی دایکانە, دایك بۆ مناڵەکەی ئەیڵێ. موسیقای منداڵان بە ئورکستری منداڵان و ئاهەنگی مناڵان مەنزورە. شێعرگەل مناڵان فرەمان هەس, کایەگەل مناڵان فرەمان هەس وهەروا کوتتان چوونکە کوردستان بە لانی کەمەوە حەوت هەشت پشت ئێمە دەوڵەتی خۆی نەبووە, وەختێك میللەتێك دەوڵەتی خۆی نەبێ هیچ وەخت موسیقاشی دابەش کردنی نابێ!

**ب. فەرشی** هەروەك ئەزانن کورد لە رۆژهەڵاتدا ئەژی رۆژهەڵاتیش تایبەتمەندی خۆی هەیە, ئایا وەك ئێوە بزانن موسیقای کوردی چ هاوبەشییەکی لە تەك موسیقای میللەتگەلی رۆژهەڵاتدا هەیە؟ لە ڕاستیدا بنەمایان یەکە یا موسیقی کوردی تایبەتمەندی خۆی هەیە؟

**ب. کامکار** موسیقای کوردی لە فرە جێگەدا ریشەی هاوبەشی هەیە, لە فرە جێگەدا لە تورکیا لە گەڵ تورك ریشەی هاوبەش پەیدا دەکا, لە عێراقدا لە گەڵ موسیقی عەرەبدا ریشەی هاوبەش پەیدادەکا, زۆربەی ئاهەنگ گەل ماموستاعەلی مەردان بە عەرەبیە, وەك گیانە بەسیەتی ئەسڵەن تەواو عەرەبیە. گیانەبەسیەتی چەشنە تەعزیل گەل تایبەت بە موسیقای عەرەبیە, یا لە ئێران لە گەڵ فارسی ریشەی هاوبەشی پەیدا دەکا. هەر وەك باسم کرد پاکتر و دەست لێنەدراوتر لە گشتیان موسیقای هەورامیە . لە ئێران ئیدعا دەکرێ موسیقای تەواو ناوچە حەتتا موسیقای هیند و عەرەب لە ڕەدیف گەل ئێرانی تەئسیری وەرگرتووە, ئەڵبەتە ئەمە ئیدعای زانا گەل موسیقایە کەسانێك وەك فەراهانی, ئەمانە ئیدعایان کردوە کە ئیدیعای من نییە! هەروا کەوتم موسیقای هەورامان دەست نەخوراو ماوەتەوە ئەتوانم بێژم موسیقای هەورامان ریشەی 2000 هەتا 4000 ساڵەی هەیە و لە ڕاستیدا دە توانم بڵێم کۆنتر لە رەدیف گەل موسیقی فارسی یە!

**ب. فەرشی** لە ناوچەدا ئەگەر سەیرکەین هەموو کات حەرەکەتێك بۆ تواندنەوەی فەرهەنگی کوردی لە لایەن دەستەڵاتدارانەوە هەبووە, بە تایبەت لە تورکیا 70 ساڵە ئەم سیاسەتە سیستیماتیك بەڕیوە دەچێ بۆ توركیزاسیون کردنی موسیقای کوردی موسیقا و ئاهەنگ و میلودی کوردی بە تورکی دەڵێنەوە و لە ئاستی ناونەتەوەیدا بە ترکی لە قەلەمی دەدەن نەزەرتان لەم بارەوە چییە؟

**ب. کامکار** وەڵا راستیەکەی بێژم جێگەی بێ بەشەر دوور بێتەوە لە مەسایلی سیاسی, خۆی بکێشێتەوە لە مەسایلی سیاسی بەڵام نەویست ئەکەوینە مەسایل سیاسیە وە, حەزم نەدەکرد مەسایلی فەرهەنگی و هونەری واردی مەسایلی سیاسی بێت ئەوەش ئیستعمار و چەوساندنەوەی میللەتگەل, بەشێوەگەل جوراجور بووە, هێرشی نیزامی بووگە, پروپاگەندە بووگە, فەرهەنگی بووگە, کاتێك مەبەست ئەوە بوە هێرش بکرێتە سەر فەرهەنگی جێگەیەك, بۆ ئەوە لە پای بخات ئەوەل بە قەولی تۆ تورکیزاسیون دەکا, یەواش یەواش گشتی ئەبن بە تورك, ئەمە هیچ بەدوور نییە, حەرەکەتی بۆکرابێ, ئەسلەن کارم نییە ئەم حەرەکەتگەلە کریابێ, یا نەکرابێ, وەلی ئەوەی نابێ رێگە بدات خودی کوردە, بە بڕوای من ئەم هێرشگەلە هەمیشە بووگە, هێرش تەنیا بە کورد نەکریاوە, ئەم هێرشە بە دنیا کراوە, ئێستا ڕەقاسەیەکی هێمۆسکسوئل وەك مایکل جاکسن بووگە ئەبەرمەردی جیهان مایکل جاکسن

ئەتوانێ رژیم هەر کونێك مەیلی هەبێت بیگۆڕێ, یانی گەورە پیاوی جیهان بووگە یەك هێمۆ سکسوئل. ئەمە نەزم نەوین جیهانی ئەمپریالیسمە, خەریکە بۆ مەردم بەدبەخت جیهان دروستی دەکا, گشتی ها لەژێر سەری ئەودا, بۆ ئێمە قسەی تورك و کورد و لور وفارس نییە, تورك چ قودرەتێکی هەس ڕەخنە بکاتە ناو فەرهەنگی کورد, ئەگەر ئەمپریالیسم گەرەکی نەبێت,عەرەب چ قودرەتێکی هەس ڕەخنە کا, عەرەب کە ئەمریکا 3 سانییە هێرشی کرد عێراقی,, کەن فی یەکون,, کرد, قودرەتێکیان نییە ڕەخنە بکەن ئەگەرئەمپریالیسم گەرەکی نەبێت! لە هەر کوینەیەك مێشکێك حەرەکەتی بوو دەستی کرد بە پەرە ساندن, گەرەکی بوحەرەکەتی خۆی بکا, یەکێك لەهێرشگەل هێرش فەرهەنگیە, ئەلبەت فەرز دەکەین نەقشەس و قەرارە کارێك بکرێ, من بە ئەرخایەنی ئێژم خەڵك فرە نەقشی گەورەیان هەس ئەگەر, بۆ مەردم قسەبکردرێ, باس بکردرێ, بۆیان شێ بکردرێتەوە, کە دوور بوون لە فەرهەنگ, دور بوون لە هونەر, دور بوون لە زانست, یان هەرچی پێوەندی بە کوردەوە هەیە, یانی دوور بوون لە کورد, مەردم نابێ لایەنگری ئەم سیاسەتە بکەن.

من چ بکەم وەختێك کەنیشکی خۆم من کە 40 ساڵە موسیقی کاردەکەم موسیقی دروست دەکەم موسیقی زانستی کاردەکەم کەنیشکەکەم بۆوێنە مەسەل ئێژم مایکایل جاکسن گویچکە ئەدا خۆ, ناتوانم بیکوژم چوونکە گوێچکە ئەدا ئەشێ مەردم خۆیان لایەنگری نەکەن, وەلای دەن پەسی بدەنەوە, وەلی ئەمرۆ ئێژن تورکی زاسیون بووگە, یا حەتتا بە ئێمە ئێژن موسیقاتان فارسی زاسیون بووگە, ئەمانە تەئسیرگەل ژیانی هاوبەشە, تەئسیر دەکرێ, ئیمکانی نییە بۆ وێنە ئێژن کوردگەلی عێراق کارگەلی ئەکەن رەنگ و بۆی عەرەبی هەیە وەك وتم کارگەل ماموستا عەلی مەردان, زۆربەی عەرەبیە یا کوردی تورکیا ئاغای شوان پەروەر ئەوەل ئینقلاب نەوارە کانی هات تەواوی تورکیە, ئەسلەن رەنگ و بۆی تورکی هەیە, هەروها ئێمە لە ئێران موسیقای خۆمان موسیقای شاریمان نە موسیقای گوندیمان رەنگ و بۆی فارسی بەخۆیەوە گرتوە .ئەمەش بە خاتر ژیانی هاوبەش و هاوسێ بوون لە گەڵ ئەم گەل و ئەم فەرهەنگگەلە دایە, شاید نەقشە نەبێ ئەگەر بڵێین نەقشەس بە قەول ئێوە تورکی زاسیون بووگە خوب مەردەم نابێ ئیجازە بدەن. مەردم موسیقای خۆیان گویچکە بەن, پشتیوانی لە موسیقای خۆیان بکەن, هەر ئەم گروپگەلە کە دینە ئێرە من گروە خۆمان نالێم, ئەگەر بێژم گرو خۆمان سەد گروە کوردی ها لێرە 99ی ئێمە تەحریم دەکا. ئەسەلەن مەسەلەی گرو ئێمە نییە کاك مەزهەر خالقی ش دێت بە مجۆرەسە. شوانیش دێت بە مجۆرەسە, شوان کە زەمانێك بۆ ئەم گروپگەلە مارکسیستییە لێیئەدا, ئیستا خەریکە لە خەتەنەسوران لێئەدا. ئەم گروە سیاسیانە ناتوانن ئەم کوڕە ئەوەندە حەمایەت و پشتیوانی کەن کە مەجبور نەبێت لە هەر جێگەیەك بالانس لێدا. نەتوانێ ژیانی خۆی بچەرخێنێ. ئەم مەسەلە دەردی گشتییە. فەقەت خۆم نییە بێژم میکرۆفونەکە رۆشنەو خەریکی گلەییم. نا بە داخەوە پشتیوانی کەم دەکرێ, خودی ئەمە دەوری گرینگیان هەس. بە قەول ماموستایەکمان ئەو کەسە موسیقی خاس گویچکە ئەدا بە دڵ و گیان گویچکە ئەدا ئەویش هونەرمەندە, ئێمە موسیقی گویچکە دەریشمان کەمە, ئەوەندە نییە. لە ئاکامدا من لە مەردم کورد داوا ئەکەم خۆیان گویچکە بدەن, خوب ئەوە کە من موسیقام فارسی زاسیون کردگە یا ئەوترکی زاسیون وعەرب زاسیونی کردوە, ئەبێ دروست بکرێ وردە وردە ئەمن گیرو گرفتم بێژم, تو لێرە گیرو گرفتت هەس ئەمە حەل دەکرێ, بەڵام ئەکرێ پشتیوانی نەکرێ ؟ کێ ئەشێ حەلی کا ؟ بەقاڵ وچەقاڵەکە؟ یا من کە کار موسیقا ئەکەم ؟ من ئەشێ حەلی کەم. لە ئاکامدا بێ پشتیوانی ئەم موشکلە حەل نابێ.

**ب. فەرشی** هەر وەك دەزانن زۆرکەم لە مێژوودا روویداوە بنەماڵەیەك بەگشتی کاری موسیقا بکەن لە ئورپا چەند نمونە هەیە, ئایا لەئێراندا مێژووییکی ئاوا هەبووە یا گروە کامکار یەکەمین گروە بەم شێوەیە کاری موسیقا دەکا؟

**ب. کامکار** ئەگەر مێژوو بە 1000 ساڵ و 2000ساڵ هەڵگەرێتەوە نازانم بەڵام لەم چەند دە ساڵە کە ئێمە خۆمان ژیياوین بنەماڵەی ئێمە تەنیا بنەماڵە بووە کە 8 نەفەر ئەندامی هەس و ئیستا بوینە 9نەفەر بە مناڵ قەشەنگەوە! پیشتر بنەماڵەی فەراهانی بووە کە ئەویش یەك دوونەفەر بوون و 7,8 کەس نەبوون.

**ب. فەرشی** بەڵام ئەم بەرنامەشتان هەیە کە منالەکانتان کاری موسیقا بکەن؟

**ب. کامکار** بەڵی سەد دەرسەد, ئەڵبەتە فشاریان بۆ ناهینین بە زۆر نا, موسیقا حسی و عاتفەیە ناتوانین بە زۆر بە کەسیك بیژین خۆشبەختانە زۆربەیان مەیلیان بەرەو موسیقا هەیەیە, ئومید کە


گەرانەوە

هاتۆتە ناو تیپەکە ڕەنگە دوایە منالْ گەل هوشەنگ بی, یا هانای خۆم کە خەریکە کەمانئە فیردەبی, بە قەول مەعروف (بە پیکە نینەوە)ئەم پەرئەمە هەڵمانگرتووە دانەکەوی!

**ب. فەرشی** کاك بیژەن ئێوەکارگەلێکی فرە جالبتان کردوە کە تازەیە لە موسیقای کوردیدا, مەبەستم یادکردنەوەی گۆرانیبیژانی پیشووی کوردستانە , وەك یادی سەیدعەلی ئەسغەر کوردستانی و یادی ماموستا عەلی مەردان, ئەوە خزمەتیکی مەزنە, بەرنامەگەل داهاتوتان لەم لایەنەوە ئەس؟

**ب. کامکار** ئەوەڵەن سادقانە بڵیم ئەوە خزمەت نییە, وەزیفەیە, عشقە! هەروا کە لە ئەولین پرسیاردا وتم تەواو هەست و مارفەتمان وعاتفە و موسیقای ئێمە هین کوردستانە. من هەرچی ئێژم هەرچی لەگەلومەوە دێتەدەربە یادی کاك مەزهەر خالقی یە, ئەودەنگە کە ساڵەها لە گەڵیا ژیاوم, بە یادی گەلوی تەوانای حەسەن زیرەکە, ماموستا عەلی مەردانە, سەید عەلی ئەسغەرە بە یاد ئەم عەزیزگەلەوە ئەخوێنم, ئەگەر ئەوانە نەبایەن, ئەگەر کاك خەلیل سەدیقی نەبایە من نەمدەزانی کوردی یانی چی! ئەوانە موعەلم گەل ئەوەڵیەی ئێمە بووگن و حس و مارفەت خۆمان لە وانەوە ئەزانین, ئەگەر یادیان دەگرین خوای نەخواستە نەبۆ تەبلیغاتە, نە بۆخزمەتە, نە عشق و نەعەلاقە, وەزیفەس! هەروا کە ئەزانی تۆنی دەنگی من نەوعیەتی دەنگی من جۆریکە بۆ وێنە ناتوانم, ئەسەڵەن ناتوانم دەنگی حەسەن زیرەك دەربێنم تۆنی دەنگمان پێکەوە فەرقی هەیە, دەنگمان فەرق دەکا, دەنا فرە حەز دەکەم بە یاد حەسەن زیرەك, حەسەن جەزراوی وفرە گۆرانی بێژگەلی تر, بە یادیان کار بکەین. ئەمە کە ئەم یادکردنەوە درێژە بدەین هەست لە ناو بەرنامەی ئێمەدا, بەڵام نەفەر دوای کێیە نازانم ڕەنگە بۆ وێنە کاك مەزهەر خالقی بێت.

**ب. فەرشی** هەر بۆ ئەوە ئەم موشکلە نەمێنێ ئایا ئیمکانی ئەوە نییە لە گۆرانیبێژانی تر کەڵك وەرگرن, بۆوێنە لە مانگی ڕەشەمەی ئەوساڵدا 74 ساڵ لە رۆژ لەدایك بوونی حەسەن زیرەك تێدەپەرێ بۆ ئەمە ئەتوانن لە کەسی تر داوای هاوکاری بکەن یا بە لای خۆتانەوە واتان دانەوە کە هەمیشە.......

**ب. کامکار** نانا ئەسڵەن ئەو تەسوورە نەکردرێ کە ئێمە تەنیا خۆمان گەرەکمانە, کارگەلی ڕابوردوی ئێمە لە گەڵ ئاغای حوسینی شەریفی, عەبباسی کەمەندی و لە رادیۆ سنە لە تەك زیاتر لە 150گۆرانیبێژ گویای ئەم هاوکاریەس. بەڵام پێوەندی گرتن موشکلە, ئێوە باوڕ ناکەن کە من هەرچی حەول دەدەم چەند موشکلە, تۆ ناتوانی پێوەندی بگری ئێمە یەك خانەوادەین لە گەڵ ئەوەشدا بە زۆر لە حەوتودا دوو رۆژ ئەتوانین لە دەوری یەك کۆبینەوە. ئەم پێوەندیە موشکلە یەکێك لە ئارەزووگەلی ئێمە ئەوە بوو لە گەل فرە گورانیبێژ لە گەڵ کاك مەزهەردا, کاك مەزهەرخالقی بریاریش بوو بەڵام موشکلە پێوەندی گرتن و ئێمە خۆمان لە ئێرانا بە زۆر دەوری یەك کۆ دەبینەوە. گرفتاری کاروژیان ئەم ئیجازەمان پێنادا وەلی حەول ئەدەین کاربکەین, ئەلان لە کوردستاندا پێوە ندیمان گرتگە من خۆم لە تەك کاك عەزیز شاروخ پێوەندیم گرتوە بەیکەوە کار بکەین, ئەمانە کە جارێ دەستمان ئەیانگاتێ! بۆچە یەکێك لە ئارەزوگەل ئێمە ئەوەسە لە تەك گۆرانی بێژی ترا کاربکەین.

**ب. فەرشی** هێندێك گلەییتان لێدەکەن لە رۆژنامە کوردیەکانی چاپی ئێران بۆ وێنە ,,ئاوینە,, لەم دوایانەدا ڕێزگرتنی سەیدعەلی ئەسغەر کوردستانی بووە لە شاری سنە لە ئاوینەدا باس دەکا »ئەو کەسانە کە لە تاران کاری موسیقا ئەکەن بەشداریان نەکردوە« ئاوینە دەڵی : »جێگەی پرسیارە چاوەڕوانی لایەنگرانی هونەر ئەوە بوو کە تیپە هونەرییەکانی ناوچە بە جێگەی سەفەری بە کاروان بۆ دەرەوەی وڵاتی فەرنگ و پێشکەش کردنی بەرنامە بۆ هەندەران نشینی تێرو تەسەل جارجارێك تارەکانی گەرویان بۆ خەڵکی پاك و خۆشەویستی زێدەی خۆیان بەکار بینن« ئایا بەشداری نەکردن هۆیەکی تایبەتی هەبووە؟

**ب. کامکار** خەبەرمان نەبووە, ئەشێ خەوەرمان کەن . کارت دەعوەتمان نەگەرەکە بەڵام کارتی دەعوەتیش نیشانەی خەبەردانە, کە خۆت ئامادە کە بەرنامە برێژە و لەم رۆژەدا لەم جێگەیە. ئێوە خۆتان لە ئاڵمان ئەژین لە گەڵ نەزم و تەرتیبدا ئەژین بێ خەبەردانی پێشتر دەتوانن کارێك بکەن؟ من ئەلانە لە ئێوەی دەبیستم چکۆلەترین خەبەرێکم نەبوە!

**ب. فەرشی** کاك بیژەن زۆر زۆر سپاس پێم خۆش بوو زۆرتر لە خزمەتتان دابم بەڵام ئێوە لە سەر سەفەرن جارێکی تر سپاس!

**ب. کامکار** زۆرسپاس حەتمەن ئەوە ئاخربار نییە حەتمەن دێینەوە خزمەتتان!



# دوکتور هوشەنگ کامکار

**ب. فەرشی** کاك هوشەنگ ئێوە پێشتر کاری سەمفۆنی تان کردوە گەرکمە بزانم موسیقای کوردی چ توانایەکی تێدا هەیە کە ئێمە بتوانین موسیقای مودێرنی ئەمرۆی دنیای لێ ساز بکەین ؟

**ە. کامکار** ئەڵبەتە تەنیا موسیقای کوردی نییە کە ئەم توانایەی هەس بەڵکو هەر چەشنە موسیقایەکی ڕەسەن,, فۆلکس,, ئەم تەوانایەی هەس بە شێوەی ئورکستر گەورە دەربێت, ئورکستر سەمفۆنیك بەتاییەت. تا ئەو جێگە کە من ئاگادارم لە ئێراندا بە نەزەری من یەکێك لە پڕ تەحەروکترین و جوانترین نەغمە و ملۆدیگەل لە ناوچەی کوردستانات پەیدا دەبێ لە جێگەی تری ئێراندا نییە! تەواو مەقام گەڵ دەتوانن لە موسیقای کوردیدا پەیدا بکەن! بەڵام موسیقای باکوری ئێران یا باشوری ئێران مەقامات تاییەتیان هەس بۆ وێنە لورستان ماهوری هەس, باکور تەنیا شوری هەس, لە کوردستانی خۆمان هەرچی مەقامە هەس! ملۆدیگەل جوراجور تەواو توانای هەس کە بە ئورکستر گەورە دەربێت.

بەڵام پەیوەندی بەو کەسەوە هەیە کە کارەکە ئەکا, ئایا سەوادی موسیقای زانستی هەس, زانیاری هەس, ئێتر هەڵدەگەرێتەوە بۆ توانایی ئەو کەسە کە ئەم ملودیە چۆن بە کەڵك بێنێت, کە ڕەنگ و کەسایەتی خۆی لە دەست نەدا, یانی تەکنیکی ئاهەنگسازی داینەپۆشی کە رەسەنییەتی ملودی لە ناو بەرێ, ئەمە پێوەندی بە توانایی ئەم ئاهەنگسازەوە هەیە.

**ب. فەرشی** تا ئێستا لەم رێگەدا ئێوە چ کارگەلێکتان کردوە؟

**ە. کامکار** بەهاران ئابیدەرم بەم تەکنیکە دەسپێکرد, بە کەڵکوەرگرتن لەتەکنیك موسیقای کلاسیك, هەم ئۆرکستر, هەم هارمونی, هەم کونترا و تەکنیکگەل تر کە هەسیەتی, سازگەل سونەتی وەتەك موسیقای کوردی کەڵکم وەرگرتووە, ئەم نەوارە تەقریبەن سەرکەوتوو بوو. ئەرسەلان برام کارێکی بەناو(افسانەسرزمین پدری) هەر بەم تەکنیکەوە ساز کرد, کە تەواو نەوای کوردی هەیە. من و ئەو لەم دوایانەدا کارێکمان نووسی بە ناو سەمفونی کوردی کە پارەکە لە تاران لە لایە ن تۆماس کریستیان داوید کە یەکێك لە ڕابەرگەل خاس ئوتریشە پێشکەش کرا کە هەر ئەو تەکنیکەی هەیە و ملودیشی کوردیە, لە تەك ئورکستر و گروە کۆر پێشکەشکرا. مەتنەکەم هاوردە سوئید لە ستۆکهولم لینەش پێشکەش دەکرێ. گارگەل فرەم بووە بەڵام گەرەکمە شتێك بێژم لە ناو تەواو کارگەلێك کە من و ئەرسەلان وەك کار سەمفونی ئەیکەین مۆری کوردی بوون, ها بە پای موسیقا کەوە, ئەگەریش بە زمانی فارسی بێت وەك"شەباهەنگام", "درگلستانە" کەشەهرام نازری خوێندیە گشتی ئاهەنگ و هەوای کوردی ها تێیا.

**ب. فەرشی** لە بەرنامەتاندا هەیە لە ئوروپا شتی وا پێشکەش بکەن ؟

**ە. کامکار** ئەکرێ, ئەشێ ئیمکانات هەبێ, بەداخەوە هیچ چەشنە یارمەتییەك نادرێین, هیئچ جێگەیەك نییە کە یارمەتی بدات بۆ پێشکەش کردنی کار. ئێوە ئەزانن وەختێك موسیقا ئەنووسرێ ئەشێ پێشکەش کرێ, بۆ پێشکەشکردن هێندێك پێداویستی هەیە کە ئەوانە هەڵدەگەرێتەوە بە جەنبەگەلی مادی, ئێمە چەند دانە کارئامادەمان هەست کە بە ئورکستری گەورە ئەبێ پێشکەش کرێ, بە کەمالی مەیلەوە هەر ئورکسترێك گەرەکی بێ پێشکەشی کا ئەینێینە ئیختیارییەوەبەڵام ئێمە خۆمان توانای ماڵیمان نییە, بە فەرز جێگەیەك بێژێ ئەمەمان بە ئورکستری سەمفونیك پێشکەش کە.

**ب. فەرشی** ئێوە لە ئێران و ناوچەدا فرە ناوبەدەرن لە سەر موسیقای کوردی و فارسی ئایا رێکخراوی ناونەتەوەی فەرهەنگی تا ئێستا نەهاتوون یارمەتیتان بدەن بۆ ئەوەی هەنگاوێك هەڵبگرن لە دەرەوە بۆ پێشکەش کردنی ئەم موسیقایە ؟

**ە. کامکار** هیچ کەسێك تائیستا چ یارمەتێکی بە ئێمە نەکردوە, پێوەندی نەگرتووە تەنیا لە سوئید خانە هنر ئێران ئاغای شفیعیان کە بە ڕاستی فرە تێدەکۆشێ ئەم کارە ئەنجام بدا, ئەلان

,,پارتیتورەکەی,, ئەو سەمفۆنییە کوردیە دەکاتە کامپیۆتری و دیداتە ئورکستر بۆ پێشکەش کردن, یانی خۆی زەحمەت ئەکێشێ! هیچکەس تا ئێستا یارمەتی ئێمەی نەداوە بۆ ئەوەی کارەکانمان بناسێنین چوون ئەو کارگەلە تاوەختێك نەناسێندرێ, نەناسراو دەمێنێتەوە, هەرچی زەحمەتیش بنیادەم ئەکێشێ بەم جورە نەتیجەی مسبەتی نییە!

**ب. فەرشی** تا ئێستا لە فستیوالێکی ناونەتەوەیی بەشداریتان کردوە کە هەم فرسەتێك بێت بۆ ناسین و هەم پێشکەشکردنی هونەرەکە؟

**ە. کامکار** فستیوالێکی تایبەتی نا بەداخەوە، پێوەندییەکمان نەبووە لە تەك جێگەیەکدا, ئەوەی کە توماس کریستیان داوید ئەم کارەی منی پێشکەشکرد فرەخۆشی هات فرەتەئسیری تێکرد. موسیقدانێکی گەورەیە هەم رابەر گەورێکە هەم ئاهەنگساز, خۆی رابەری ئورکستر سەمفونیکی برلینە, من وتم پێی بۆچە ئێوە لە دەرەوە کارێك ناکەن بۆ ئێمە؟ بە ئاشکرا وتی سەرمایە گوزاری ئەشێ بکردرێت بۆ ئەم کارە, ئورکستر سەمفۆنیك شەهرداری ئەم جێگاگەلە پوڵ ئەدەن بە باخ و بتهون لێبدەن. هیچوەخت نایەن لە بان تووسەرمایەگوزاری بکەن! بەداخەوە وەزعەکە ئاوایە, ئەشێ کەسێك پشتیوانی ماڵی بکا تا کارەکە پێشکەش کرێ ئەم گیروگرفتەهەس!

**ب. فەرشی** ئایا هیچ ئیمکانیك بۆ ئێوە نەهاتۆتە پێش لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بتوانن لە دەرەوە کارێکی وا بکەن؟

**ە. کامکار** نا بەڵام لە ناوەوە پێشکەشمان کردوە و ئیمکانات هەیە ئورکستر سەمفۆنیك هەیە وزۆر پێشکەشکراوە بەڵام هەر لە ئێران.

**ب. فەرشی** هۆی ئەویە نەتانتوانیوە لە ئیمکاناتی دەوڵەتی کەڵك وەرگرن ؟

**ە. کامکار** نا ئێمە کاملەن بە شەخسی کاردەکەین, ئەسڵەن پێوەندیمان لەتەك هیچ جێگەیەکدا نییە, تەنیا بۆخۆمان کاردەکەین, بۆخۆشمان ئەشێ پێوەندی بگرین لە گەڵ ئورکستر سەمفونیك لە دەرەوە یا جێگەیەك, توانایی شتێکی وامان نییە!

**ب. فەرشی** بەرنامەی داهاتوتان لەم پێوەندیەدا چییە؟

**ە. کامکار** لەم سەفەردا من بەرپرسی هونەری تیپەکەم, لەساڵی 96 لە ئەمریکا و کانەدا بەرنامەمان هەیە, 6 کونسرت لە فەرانسەدا هەس. زۆرتر ئامانجی ئێمە لەم سەفەرەدا ناساندنی نەغمەگەل کوردیە رەسەنترین نەغمەگەلی کوردی. چەند رۆژ لەمەوبەر ئورگانیزاتوری ئێمە ( خانمیکی ئینگلیسیە ) پرسیاری کرد بۆچە خۆتان نەغمەی کوردی دروست ناکەن؟ وتمان بۆئێمەکارێکی نییە هەرکام لە منداڵەکان ئەتوانن دروست کەن بەڵام حەولی ئێمە ئەوەسە کە ئەو نەغمە گەلە رەسەنە جارێ تۆمارکەین بناسێندرێ و گوم نەبێ, لە ئیختیار مەردم دابێ دوایە ئەگەر دیمان لازمە خۆمان حەتمەن دروست ئەکەین. ئەمە لە باری توری منداڵەکان لەباری کاری خۆمان یەك دوو مانگەخەریك کاری گەورەی ئورکستریم بە شێوەێکی مودێرن , لە بانی شێعر »ئەحمەدرەزا ئەحمەد« کار دەکەم, یەکێك لە شاعرانی نەوپەرداز ئێرانە! ئێستا لە حاڵی پشوودان دام لە ناو ئەو کارە کە وتم حاڵ و هەوای کوردی هەیە.

**ب. فەرشی** کاك هوشەنگ ئێوە پێوەندیتان لە تەك ئەو تیپە موسیقایانەی بەشەکانی تری کوردستان هەیە؟ بۆ وێنە کاك ئەنوەر قەرەداخی لە کوردستان زۆر بەناو بانگە و فرە کاری کردوە و ئاگاداری کاری ئێوەشە, ئایا ئیمکانی ئەوە نییە کاری هاوبەشی بکەن؟ کە هەم ئەبێتە هۆی پەرەساندنی موسیقا و هەم رەنگاورەنگی موسیقا زیاتر دە کا.

**ە. کامکار** گۆڕینەوەی بیروفکر هەمیشە باشە ئەو دەستکەوتانە کە ئەوان لە موسیقادا هەیانە یا کارگەلێك کە من کردومە ئەگەر وەسیلە یەك بێ بینینە ئیختیار یەکترەوە سەرکەوتوتر ئەبێ. بەڵام تا ئێستا بۆ من ئەم فرسەتە نەهاتوتە پێش زیارەتیان بکەم بە یەکەوە دانیشین بزانین چ کارگەلێکیان کردوە ئەگەر پێش بێت فرە پێشوازی ئەکەین.

**ب. فەرشی** یانی لە چوارچێوەی »تبادلات فرهنگی« نێوان ئێران و ئەو وڵاتانەدا کە هەیە ناگونجێ؟

**ە. کامکار** حەقیقەت ئەوەیە ئێمە تیپێکی بە تەواو شەخسین هیچ چەشنە پێوە ندییەکمان لە تەك هیئچ ئورگانێك و هیچ کەسێك نییە!

**ب. فەرشی** کاك هوشەنگ لە کارەکانتاندا ئایا تەنیا لە موسیقای ناوچەی کوردستان کەڵك وەردەگرن یا بۆتان فەرق ناکا؟

**ە. کامکار** هیچ فەرقی نییە من هەر ملۆدییەك کە بەنەزەرم جوان بێت و بزانم توانایی کاری سەمفۆنیکی هەس کەڵکی لێوەردەگرم هی هەر شوێنێك بێ سنە یا شوێنی تر.

**ب. فەرشی** مەرحوم باوکتان وەك من بیستومە ملۆدی زۆری کوردی کۆ کردۆتەوە ئایا حەول ئەدەن ئەم کارانەی کە بەداخەوە ناتەواو ماوەتەوە درێژەی پێبدەن ئایا بۆ ئەم کارە پرۆژەیەکتان هەیە؟

**ە. کامکار** وتم ئێمە ئێستا ئامانجمان دوبارە سازکردنەوەی رەسەنترین نەغمەگەل کوردین, جارێ لەم خەزینە خەریکین کەڵك وەردەگرین ئێستا کار لەسەر ئەم ملۆدیگەلە رەسەن و خاوێنە ئەکەین رەنگە لە بیر بچێتەوە زیندوی کەینەوە!

**ب. فەرشی** کاك دوکتور ئێوە پێشتر کاری موسیقاتان بۆ شانۆش کردوە لە گەڵ ئاغای بەهروز غەریب پور هاوکاریتان بووە ؟

**ە. کامکار** بەڵێ چەند کارم لە گەڵ بەهروز غەریب پور هەبوو بەڵام کەم بوو, لەم زەمینە فرە زانیاریم نییە .

**ب. فەرشی** بەڵام کارگەلێکی سەرکەوتوو بوون!

**ە. کامکار** بەڵێ کارگەل خاسێك بوو بەڵام توانایی من لەم زەمینەدا نییە.

**ب. فەرشی** مەبەستم ئەوەیە موسیقای کوردی ئەگەر کاری لە سەر بکرێ توانایی کاری شانۆ و سینەمای هەیە ؟

**ە. کامکار** دەقیقەن پێوەندی بە دانش و زانیاری ئەو کەسەوە هەیە کە کەڵکی لێوەردەگرێ, رەنگە کەسێك بێت لە رەسەن ترین وپاك ترین نەغمەگەل کوردی کەڵك وەرگرێ بەڵام زانستی موسیقایی نەبێ وخراوی کا. یانی دانشی موسیقای نەوێ و بە پیچەوانە خراوی کا. ئەو موسیقا وەسا تەڵای ناب ها بەدەست کەسێکەوە چی پێبکا . ڕەنگە تەراشی خاس نەوێ, نەزانی لە جێگەی خراو داپینێ کەڵکی خراوی لێوەرگرێ بەڵام پێوەندی بەو کەسەوە هەیە لە بانییەوە کار دەکا, من فرە موزیسین ئەناسم ئێستا هان لە ئێراندا لە تێمگەل کوردی کەڵك وەردەگرن بەڵام خراوی دەکەن, یانی جوان دەرنایا دەقیقەن وەسا گوندییەك کەبە فوکل و کراوات و پاپیون و ئودکۆلۆنەوە ویڵی کەیە شانزەلیزەی پاریس, ئەسڵەن ناتوانێ بڕواتە رێوە! یانی لە قالبگەل تەکنیك موسیقای کلاسیك ناوێت ئەو ملودیە خراو بەکار بەرێ, ئەشێ زانستی ئەوەت بێ سەقەتی نەکەی, یانی شەرمی پێنەوێت کە بڕواتە ڕێوە, راحەت بێ, ئازاد بێ. کارگەلێك دەکەن نازانم بیژەن بە ئێوەی وت یانا؟ موسیقای کوردی ئەوەندە لە ئێراندا بڵاو بۆتەوە کە حەتتا لە ناو تەك نەوازی گەلیاندا ملۆدیگەل کوردی بەکار دێنن . ئەمە دوو حاڵەتی دەتوانێ ببێ یا حاڵەتی موسبەت و خاسی هەیە کە ئاکامەکەی جوان و ئەو رەنگاورەنگی موسیقای کوردی هەس و یا بەپیچەوانەوە! موسیقای کوردی هێندە بە سەر موسیقای ئێرانیدا زاڵ بووگە کە رەنگە کەڵکی ناشیانەی لێوەرگرن! حەولی ئێمە ئەوەیە ئەو موسیقایە بپاریزین کەڵکی لێوەرگرین و بیخەینە بەردەم گوێگرەکان.

**ب. فەرشی** زۆر حەزمان دەکرد زۆرتر لە گەڵتان دانیشین بەڵام ئێوە بە پەلەن و لە سەر سەفەر بۆ دوا قسە ئەگەر شتێکتان گەرەکە بێژن, فەرموون ؟

**ە. کامکار** وەڵا نا ئێمەش ئامادەگیمان نەبوو تەنیا حەتمەن بیژەن باسی کردوە ئەو چەشنە موسیقایە پێویستی بە پشتگرتن هەیە هەم مادی هەم مەعنەوی بەداخەوە مادیش فرەزۆرتر کە بتوانێ بناسێندرێ, موسیقا هەتا گوێی لێنەگری بەدەرد ناخوا, بۆ شنەفتن موسیقا حەتمەن مەسایل مادی گەرەکە بۆ وێنە ئێمە کار ئامادە دەکەین بە پوڵ ئێران یەك ملیون و پانسەد هەزار تمەنی بۆ تۆمار کردن گەرەکە, ئێمە هێندێك جار بووگە حەتتا وەسیلەگەلمان فروشتوە حەتتا چت گەلی ژنان تەڵا! دوای ئیمکاناتی بڵاوکردنەوە لە ئێراندا فرە گرینگە چ جورێك بڵاوی کەینەوە کە تۆ بتوانی خۆت لە سەرپا ڕاگری, کە کاری دوایە پێشکەش بکەی, فرەموشکلە! بە داخەوە هیچ رێکخراو وئورگانێك نییە یارمەتی ئێمە بدات و بێژێ ئاغای هوشەنگ کامکار تۆ برۆ هەرچی فیکر دەکەی دروستە ئەنجامی بدە نگەران هیچ مەسەلەیەك مەوە و کارەکەت بناسینە, خوب ئەوە باشترین هەل و مەرجە بۆ یەك ئاهەنگساز و یەك موزیسین کە بتوانێ ئەوشتە وا خۆی گەرەکیە, خۆی حەزی لێدەکا, خۆی ئەزانێ دروستە ئەنجامی بدات بە هەرحاڵ هیوادارم ئێوە بەم وتووێژانە بەم چالاکیانە کە دەیکەن رێگەیەك پەیدا بکەن کە موسیقاکەمان روی جیهانی پەیدا بکا !

**ب. فەرشی** هیوادارین. داوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و زۆر سپاس بۆ ئەم دەرفەتە کە لە ئیختیار ئێمەتان دانا.

**ە. کامکار** خواهش دەکەم.

1995,5,15شاری کوڵن هوتێل ئەم راتهاوس ئالتەمارکت

